گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# پرسە لای تورکمانەکانی شاری هەولێر

## (توێژینەویەکی ئەنترۆپۆلۆگییە)[1]

**پ.د. رشاد صبری میران**

بەشی کۆمەڵناسی، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەڵاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عیراق.

rashad.meran1@su.edu.krd

**م. نادیە ولی جبار**

بەشی کۆمەڵناسی، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەڵاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عیراق.

nadia.jabbar@su.edu.krd

**زانیاریەکانی توێژینەوە**

**بەرواری توێژینەوە:**

وەرگرتن: ٢٠٢١/١٠/٢

پەسەندکردن: ٢٠٢١/١١/١٨

بڵاو کردنەوە: هاوینی ٢٠٢٢

**ووشە سەرەکییەکان:**

*Condolences, Condolences for Women, Death, Traditions, Turkmen of Erbil.*

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.7.2.6

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات تیشــک بخاتە ســەر مانا و کردە و چەمکە پەیوەستەکان بە پرسە لای تورکمانەکانی شاری هەولێر. لەم توێژینەوەیەدا توێژەر پشــتی بەســتووە بە ســەردانی مەیدانی لە ماوەی نێوان 2020-2021 لە شــاری هەولێر، تێبینی پرســەی تورکمانەکانی کردووە و بەشــدار بووە لەگەڵیاندا؛ توێژەر دانیشــتووی شــاری هەولێرە و تێکەڵاویی هەیە لەگەڵ تورکمانەکانی ئەم شارە. پرسی سەرەکیی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە پرسە لای تورکمانەکانی هەولێر- چۆن بەڕێوە دەچێت؟ جیاوازیی پرسە لە ئێســتا و ڕابردوودا چۆنە؟ جیاوازیی ئەم نەریتە لەنێوان پیاوان و ژناندا چۆنە؟ پرســە چ مـانا و وەزیفەیەکی کۆمەڵایەتیی هەیە؟ ئەم نەریتە لە ســەردەمی پەتـای کۆڕۆنـادا چۆن بەڕێوە دەچێـت؟.. ئـامـانجەکـانی ئەم توێژینەوەیە: تیشـکخسـتنە سـەر چەمک و مانا و ئەو کردانەی لە پرسـەی تورکمانی شاری هەولێردا دەبینرێن و ئەنجامدەدرێن، هەروەها گفتوگۆکردن

1 -ئەمە توێژینەوەیەکی وەرگیراوە لە تێزی دکتۆرای قوتابی (نادیە ولی جبار) بەناونیشانی (تورکمانەکانی هەولێر، توێژینەوەیەکی ئەنترۆپۆلۆگییە) بەسەرپەرشتی پ.د. ڕشاد صبری میران، وەک بەشێک لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی براوانامەی دکتۆرا لە ئەنترۆپۆلۆگیا پێش گفتوگۆکردن.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەسەر شێوازی پرسەی ژنان و پیاوان. لەگەڵیشیدا دەرخستنی هەندێک بابەتی سەرەکی لە کولتووری تورکمانەکان ئەویش لەمیانی پرسەکەیانەوە. لە دواییدا ڕوونکردنەوەی کاریگەرییەکانی پەتای کۆرۆنا لەسەر چەمک و مانای پرسە لای تورکمانەکانی هەولێر. لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی ئیتنۆگرافی بەکارهاتووە، تیایدا ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری لەم توێژینەوەیەدا بریتین لە چاوپێکەوتنی تاکی، تێبینی و تێبینی بە بەشداری. لە ئەنجامە سەرەکییەکانی ئەم توێژینەوەیەش: شێوازی بەڕێوەچوونی پرسە لای تورکمانەکان لەنێوان ڕابردوو و ئێستادا گۆڕانی زۆری بەسەردا هاتووە؛ بەهۆی گۆڕانی شێوازی ژیانی تورکمانەکانی هەولێر و کاریگەرییەکانی کۆرۆنا. گۆڕان لە ئاماژەکانی پرسە و وەزیفەکانیدا زۆر بەزەقی دەرەکەون لە شیوەن نەکردن و نەمانی سادلیان، کەمبوونەوەی سەردانیکردنی گۆڕی مردوو، یادکردنەوەکان و چلە...هتد. پرسەی ژنان و پیاوانی تورکمان لەڕووی چۆنیەتی بەڕێوەچوونیان جیاوازییان هەیە.
کلیلەکانی توێژینەوە: پرسە، پرسەی ژنان، مردن، دابونەریت، تورکمانی هەولێر.

## 1. پێشەکی:

نەریتەکانی تایبەت بە پرسە لە دوای ڕوودانی حاڵەتەکانی مردن و مەراسیمی مردوو ناشتن دەست پێدەکەن.

پرسە دوو ڕەهەندی (ئاینی و کۆمەڵایەتی) هەیە. ڕەهەندێکی ئاینی هەیە، لەبەر ئەوەی ئەمە پەیوەستە بە دیاردەی مردنەوە، مردنیش یەکێکە لە دیاردە گرنگەکان کە بەردەوام پرسی یەکەمی مرۆڤە کە لە چوارچێوەی فەلسەفە و ئایینە ئاسمانی و زەمینییەکانەوە بەدوای وەڵامدانەوەیدا گەڕاوە. لەوەتەی مرۆڤ هەیە بە سۆراخی نهێنی و بەرەنگاربوونەوەی مردن و نەمرییەوە بووە. هەروەها ڕەهەندێکی کۆمەڵایەتیشی هەیە، لەبەر ئەوەی پرسە وەزیفەگەلێکی کۆمەڵایەتی ئەنجامدەدات و بەرهەمی گرووپە مرۆییەکانە. مردن ڕێگایەکە مرۆڤ پێیدا تێپەڕ دەبێ بۆ گەیشتن بەژیانێکی دیکە، کە ژیانی هەتاهەتاییە(Romanoff,1998:698). لە کۆندا لای تورکمانەکانی شاری

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەولێر ئەم تێگەیشـــتنە بۆ مردن نەبووە، هەر لەبەر ئەوەشـــە کـاتێـک کەســێکیـان دەمرد، ئەوا مەراسـیمێکی زۆر گەورەیان بۆ دەگێڕا، بە جۆرێک مەراسـیمەکانی پرسـە (حەوت) ڕۆژی دەخایەند و خاوەن پرسـە بە جۆرێک هەڵسـوکەوتی دەکرد وەک ئەوە بێت ڕۆژی قیامەتە و کۆتایی دنیاییە و خۆیان لە هەموو شـتێک بێ بەش دەکرد و لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە ئەوان دەمردن. بەڵام لە چەند ساڵی ڕابردوودا بەهۆکاری هۆشیاری ئایینی و ئەو گۆڕانە کۆمەڵایەتی و ئابوورییانەی بەسەر هەرێمی کوردسـتاندا هاتن، لە ڕێگەی چەند بڕیارێکەوە هەوڵدراوە ڕێورەسـمەکانی پەیوەسـت بە نەریتەکانی پرسە ڕێکبخرێنەوە، بەوەی ڕۆژەکانی پرسە لە دوو ڕۆژ تێپەڕ نەکات. دانیشتنی پیاوان لە مزگەوت بۆ پرسـە دەبێت لە کاتژمێر(2_4)ی پاش نیوەڕۆدا بێت. ئەم بڕیارە پرسـەی ژنانیشـی گرتەوە، بەڵام پرسـەی ژنان ماوەکەی درێژترە لە پرسـەی پیاوان، بەوپێیەی ئەمیان بەزۆری لەنێو ڕەشماڵ و چادری تایبەت بە پرسـە لە نزیک ماڵی خاوەن مردوودا بەڕێوە دەچێت و هەندێک جاریش لەنێو ماڵەکان یانیش هۆڵی تایبەت بە پرسە ؛ بۆیە پرسەی ژنان لە بەیانییەوە تا ئێوارە بەردەوام دەبێت- نەک هەر ئەوە، بەڵکو پرسـەی ژنان جیاوازیی زۆرتریشـی هەیە لە پرسـەی پیاوان، وەک چۆن دواتر بە درێژی باسـی دەکەین. تا پێش پەتای کۆرۆنا(*) ئەوەی پێشـتر ئاماژەی پێکراوە بەردەوامی هەبووە لە شـاری هەولێر و لای کوردیش و تورکمان بەهەمان شێوە، بەڵام بە جیاوازییەکی کەمەوە پەیڕەو دەکرا.

لەسـەردەمی کۆرۆنـادا دۆخەکە گۆڕا، بەجۆرێـک مەراسـیمی تـازییە قەدەغە کرا و خـاوەن مردوو نەیاندەتوانی پرسـە بۆ کەسـوکاریان دابنێن، تەنانەت نەیاندەتوانی وەک پێویسـت ماڵئاوایی لە مردووەکانیشیان بکەن. لە سەردەمی کۆرۆنادا ئامادەکاری بۆ مردوو شوشتن گۆڕانی بەسەر داهاتووە، چونکە لە سەرەتای بڵاوبوونەوەی پەتاکەدا، کەسێک کە لە نەخۆشخانە وەفاتی دەکرد، ئەوا هەر لەوێ

*پەتای کۆرۆنا لە ساڵی 2020 ەوە لە وڵاتی چین بڵاوبووەوە و نزیکەی هەموو وڵاتانی جیهانی گرتەوە. بۆ کۆنترۆڵکردنی ئەو بارودۆخە زۆربەی حکومەتەکان لەسەر ئاستی جیهان بە هەرێمی کوردستانی عێراقیشەوە ڕێگەی کەرەنتینە و دوورخستنەوەی کۆمەڵایەتی و بەستنی ماسک بەشێوەیەکی زۆرەملێی بەسەر هاوڵاتیانیاندا سەپاند، بۆ ڕێگریکردن لە بڵاوبوونەوەی زیاتری پەتاکە و کەمکردنەوەی ڕێژەی مردن و تووشبوون. پاشان نەوەی دووەم و سێیەمی کۆڤید نۆزدە هاتنە گۆڕێ، ئێستا نەوەی سێیەم، کە بە دەلتا ناودەبرێت بڵاوبووەتەوە. لە سەرەتای 2021 ەوە ڤاکسینی تایبەت بە کۆرۆنا دۆزراوەتەوە و خەڵکی ناچار دەکرێن لەسەر ئاستی جیهان، کە دەبێت پێکوتەی کۆرۆنا وەرگرن، وەک بەشێک لە ڕێگرییەکان بۆ کۆنترۆڵکردنی ئەم پەتایە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەشۆرا و ئامادە دەکرا، ئەمەش نیگەرانیی لای کەس و کاری مردووەکە دروست دەکرد، لەبەر ئەوەی لەلایەک نەیاندەتوانی ببینن و ماڵئاوایی لێبکەن لەلایەکی دیکەوە نیگەران بوون لەوەی کفنی سپی لەبەر نەکراوە، بەڵام لە هەلومەرجی ئێستاکەدا لەلایەن مامۆستایان و کەسانی ئایینی ڕێگەدراوە مردووەکە نەشۆردرێت، بۆ ئەوەی نەخۆشییەکە زیاتر بڵاو نەبێتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا هەندێک لە خێزانەکان کێشەیان درووست دەکرد و بە هەرشێوەیەک بوایە تەرمەکەیان وەردەگرتەوە ئامادەکارییەکانیان ئەنجامدەدا، وەک چۆن پێش کۆڕۆنا دەیانکرد، چونکە شوشتنی مردوو و پرسەدانان مانا و ئاماژەی کۆمەڵایەتی و کولتووریی گەورەیان هەیە- ئەمە پەیوەستە بە جیهانبینی و بەها کۆمەڵایەتییەکانیانەوە. هەربۆیە زۆرێک لە خاوەن مردووەکان دوای شکاندنی کەرەنتین و ئاساییبوونەوەی بارودۆخ، ئیتر مردووەکانیان دەردەهێناوە و وەک نەریتی خۆیان ئامادەیان دەکردەوە و دەیاننناشتەوە. ئێستا کە نزیکەی دوو ساڵ بەسەر بوونی ئەم پەتایەدا تێپەڕیووە، ئیتر ڕێوشوێنەکانی قەدەغەکردنی دانانی پرسەش مروونەتی بەخۆیەوە بینیوە. پرسە و ئامادەکاریی مردووناشتن خەریکە ئاسایی دەبێتەوە.

**2.1 پرسی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە** بریتییە لە: ڕێورەسمەکانی پرسە لای تورکمانەکانی هەولێر دابونەریتێکی کۆمەڵایەتی-ئایینییە، بەمەبەستی ڕێزگرتن و پاڵپشتیکردن و دەربڕینی هاوخەمی بۆ خاوەن مردوو ئەنجامدەدرێت، لەگەڵیشیدا پێگەی کۆمەڵایەتی و ئابووریی خاوەن مردوو دەردەخات. ئەم نەریتە یەکێکە لەو نەریتانەی کە کۆمەڵگا بەرهەمیان دەهێنێت، بە ئامانجی یەکگرتن و مسۆگەرکردنی وابەستەبوونی ئەندامانی کۆمەڵگا بەو گرووپە کۆمەڵایەتییانەوە کە ئینتمایان بۆیان هەیە. پرسە دابونەریتێکی کۆمەڵایەتییە و مانا و هێمای کۆمەڵایەتی زۆری هەیە کە پابەندبوون پێیەوە دەشێ پێوەرێکی سەرەکی بێت بۆ پەیوەندی، ئینتیما و پەیوەستبوون بە گرووپە کۆمەڵایەتییەکانەوە و هاوکاریی کۆمەڵایەتی لەنێوان ئەندامانی بەهێز دەکات. گۆڕانە کۆمەڵایەتی، ئابووری و سیاسییەکان و سەرهەڵدانی کولتووری دیجیتاڵی(*) و ئێستاش بوونی پەتای کۆڕۆنا،

* ئەگەر سەرنج لە ژیانی ڕۆژانە بدرێت، ئەوا بەزەقی دەردەکەوێت کە بە دەوروبەرێکی دیجیتاڵی پێچراوەتەوە و سەرلەبەری ژیانی مرۆڤی گرتووەتەوە بێ ئەوەی پێ بزانێت. ئەم بە دیجیتاڵبوونەی ژیان دەکرێت وەک هێمایەک بێت بۆ

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەشــێ ڕۆڵیان هەبێت لە دەرکەوتنی شـێوازی نوێ لە نەریتەکانی پەیوەسـت بە پرسـە و چۆنیەتی دەربڕینی هاوسـۆزی بۆ خاوەن پرسـە. هەموو ئەمانە بەشـێوەیەکی ڕاسـتەوخۆ یا ناڕاسـتەوخۆ کاریگەریی لەسـەر چۆنییەتیی بەڕێوەچوون و وەزیفەی کۆمەڵایەتیی ئەم نەریتە دروسـت کردووە. شایەنی ئاماژەیە پرسەی پیاو و ژن تێکەڵاو نییە و شێوازەکانی بەڕێوەچوونیان جیاوازە، بەجۆرێک پرسـەی پیاوان بە شـێوەیەکی سـادە و ئاسـایی لە مزگەوت بەڕێوەدەچێت، بەڵام پرسـەی ژنان بەو سادەییە نییە.

پرسـی سـەرەکیی ئەم توێژینەوەیە خۆی لەچەند پرسـیارێکدا دەبینێتەوە: پرسـە لای تورکمانەکانی هەولێر چۆن بەڕێوە دەچێت؟ جیاوازی پرسـە لە ئێسـتا و لە ڕابردوودا چۆنە؟ جیاوازیی ئەم نەریتە لەنێوان پیـاوان و ژنـانـدا چییە؟ پرسـە چ مـانـا و وەزیفەیەکی کۆمەڵایەتیی هەیە؟ ئەم نەریتە لە سەردەمی پەتای کۆرۆنادا چۆن بەڕێوە دەچێت؟.

## 3.1 گرنگی ئەم توێژینەوەیە

1_ پرسـە وەک دابونەریتێکی کۆمەڵایەتی و ئایینی نێو گرووپە کۆمەڵایەتییەکان بابەتێکی گرنگی ئەنترۆپۆلۆگیایە. پرسـە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە و شـێوەی پرۆسـەیەکی بەردەوامی وەرگرتووە ؛ بەڵام ، لەگەڵ ئەوەشدا ، بە تێپەڕبوونی کات و بە کاریگەریی گۆڕانی کۆمەڵایەتی ، ئابووری ، سیاسی و پێشکەوتنی تەکنۆلۆژی، ئەویش گۆڕانی بەسەردا دێت، ئەمە وادەکات بەردەوام بابەتێکی نوێ بێت بۆ توێژینەوە.

2_ئەم نەریتە بەهـای کۆمەڵایەتی و کولتووریی هەیە و پێویسـتـە بەردەوام بـایەخی پێ بـدرێت، بەتایبەت کە پەیوەندی بە گرووپێکی گرنگی ئەم شـارەوە هەیە- کە ئەوانیش تورکمانەکانن. ئینجا لەبەر ئەوەی ئەم بابەتە (بەپێی ئاگاداری توێژەر) لە کایەی ئەنترۆپۆلۆگی و تەنانەت کۆمەڵناسـیشـدا بەشـێوەیەکی مەیدانی لە ناوچەکە توێژینەوەی لەبارەوە نەکراوە، بۆیە بایەخێکی زانسـتیی زۆری هەیە.

---

کولتوور، لەبەر ئەوەی هەموو لایەنێکی ژیانی گرتووەتەوە و پەلی کێشاوە بۆ شێوازی کارلێک و پەیوەندیی کۆمەڵایەتی و شێوازی ژیانی تاکەکانی لەگەڵ یەکتر ڕێکخستووە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

### 4.1 ئامانجی ئەم توێژینەوەیە:

1- هەوڵدەدات تیشکبخاتە سەر بابەتی پرسە وەک نەریتێکی کۆمەڵایەتی لای تورکمانەکانی شاری هەولێر.

2- خستنەڕووی مانا و وەزیفە کۆمەڵایەتییەکانی پرسە لای تورکمانەکانی شاری هەولێر لە ڕابوردوو و لە ئێستادا.

3-دەستنیشانکردنی جیاوازیی نێوان پرسەی پیاوان و پرسەی ژنانی تورکمان.

4- دەرخستنی کاریگەریی پەتای کۆرۆنا و گۆڕانی کۆمەڵایەتی و کولتووری لەسەر شێوازی بەڕێوەچوونی پرسە لای تورکمانەکانی شاری هەولێر.

### 5.1 میتۆدی توێژینەوە

- میتۆدی ئیتنۆگرافیا (Ethnography): ئاڕاستەی ئیتنۆگرافیا و بەکارهێنانی لە توێژینەوە چۆنایەتییەکان لەگەڵ زانستی ئەنترۆپۆلۆژییا پەرەی سەند، ئیتنۆگرافیا جەخت دەکاتەوە لەسەر دراسەکردنی هەموو لایەنەکانی کولتوور یان بریتییە لە وەسفکردن و شیکردنەوە و راڤەکردنی کولتووری کۆمەڵگایەک یان کۆمەڵێک لە تاکەکان، یان سستەمێک و، جەختدەکاتەوە لەسەر کردەوەکان یان بیروباوەڕەکان(المعتقدات)، زمانەکان و، جۆری ژیانی تاکەکان یان کۆمەڵگاکانیان(قنديلجي و السامرائي، ٢٢٦:٢٠٠٩). هەروەها ئیتنۆگرافیا، واتا؛ نووسین لەبارەی کولتوورەوە. ئیتنۆگرافیا هەڵدەستێ بە تێبینیکردن و تۆمارکردنی ژیانی کۆمەڵایەتی ئەو تاکانەی کۆمەڵگا، ئەویش وەسفێکی چڕوپڕی ژیانی ڕۆژانەی ئەو تاکانەیە کە لەوشوێنە دیاریکراوەدا دەژین. کەواتە؛ ئیتنۆگرافیا وێنەیەکی ووردی ئەو مومارەسە و داب و نەریتانەی ژیانی ڕۆژانەی کولتوورێک یان ووردە کولتورێک یانیش کولتووری گرووپێکی دیاریکراو دەدات بەدەستەوە(بیر و لیقی، ٢٠١١: ٣٨٨). هەروەها ئەو زانستە لە شتگەلێکی وەکو: جلوبەرگ، چەک، ئامرازەکانی ژیان، شتومەکی پیرۆز، بیروباوەڕەکان، دابونەریت و دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان دەکۆڵێتەوە لە کۆتاییدا توێژینەوە ئیتنۆگرافییەکان گرنگی دەدەن بە وەسفکردنێکی وورد بۆ کۆی ووردوو درشتی ژیانی رۆژانە و ئاسایی تاکەکان (ایمرسون، روبرت و فريتز، راشيل و اخرون، ٢٠١٠: ٥٤).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## 6.1 ئامرازی کۆکردنەوەی زانیارییەکان

- چاوپێکەوتن: (المقابلة- Interview) بە رێگایەکی سەرەکی دادەنرێت بۆ کۆکردنەوەی زانیارییەکان لە توێژینەوە چۆنایەتیەکان، لە رێگەیەوە توێژەر دەتوانێت شارەزایی لەبارەی بیرکردنەوە و هەست و بۆچونەکانی کەسانی دیکە بزانێت، هەروەها توێژەر لەم رێگایە لە تواناى دا هەیە کە دووبارە رووداوە کۆمەڵایەتییەکان بونیاد بنێتەوە، کە بەشێوەیەکی راستەوخۆ ناتوانرێت تێبینی بکرێت(ابراش، 2009: 268). لەم توێژینەوەیەدا چاوپێکەوتنی نیمچەکراوە بۆ کۆکردنەوەی زانیارییەکان بەکارهێنراوە، دوای ئەوەی توێژەر پێشتر زانیاریەک لە بارەی بابەتەکەوە دەزانێت و، دەیەوێت ڕوونکردنەوە لە لێتوێژراو وەربگرێت. داوا لە وەڵامدەرەوە دەکات بەشێوەیەکی گشتی و بە وشە و شێوازی خۆی وەڵامی بابەتەکە بداتەوە، توێژەر پرسیاری ڕونکەرەوە لە لێتتوێژراو دەکات تاوەکو وەڵامدەرەوە بتوانێت گوتار و ڕوونکردنەوەی نوێ لە بارەی بەشێک لە بابەتەکە بخاتەڕوو و بەرهەمبهێنێ. چاوپێکەوتنی ڕووبەڕووانە و تاکی ئەنجامدراون، بۆ ئەوەی لێتوێژەر بە دڵنیایی و بێ بوونی هیچ بەربەست و فشارێک- راستی بیروڕا، ئەزموون، بەسەربردنی ژیانی ڕۆژانەی بخاتەڕوو. هەروەها بۆ ئەوەی توێژەر بتوانێت چاودێری و تێبینییەکانی خۆی بە وردی تۆمار بکات. لەم توێژینەوەیەدا چاوپێکەوتنی نیمچەکراوە بەکارهاتووە لەگەڵ 14 کەس کە 7 ئافرەتە و 6 پیاوە، ئەو تورکمانانەی کە شارەزاییان زۆرە؛ بۆ زیاتر ئاشنابوون بەم نەریتە و، لێکدانەوە و دەرخستنی بەراوردێک لەنێوان مانای تایبەت بە چۆنیەتیی بەڕێوەچوونی پرسە لە ڕابردوو و ئێستادا.

**- تێبینی بە بەشداریکردن:**

زۆربەی ئاراستەکانی ئیتنۆگرافیا بە بەکارهێنانی تێبینی بە بەشداریکردن (الملاحظة بالمشاركة- Participant observation) ناوبانگیان دەرکردووە وەک بەشێک لە توێژینەوەی مەیدانی(القصاص، 2014: 230)، یان زانایان بە شێوازێکی سەرەکی لە توێژینەوەی ئیتنۆگرافی دادەنێن(سکوت و مارشال، 2011: 58). لەم جۆرەیاندا توێژەر ڕۆڵێکی ئەرێنی و کاریگەر دەبینێت، بەو مانایەی توێژەر خۆی ڕۆڵ دەبینێت و بەشداری تاکەکانی توێژینەوەکەی دەکات، ئینجا پێویستە توێژەری کۆمەڵایەتیی لەگەڵ ئەو ڕووداوە کۆمەڵایەتییەدا بەشداری بکات و، لەگەڵی بژیەت و، ببێتە ئەندامێک لەو کۆمەڵەیەی تێبینیان دەکات(الصيرفي، 2008: 184). هەروەها پەیوەندیی پتەو لەگەڵ تاکەکانی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کۆمەڵگای توێژینەوەکەی دروســـت دەکات و بەشـــداری لە زۆربەی چالاکییەکانی ژیانی ڕۆژانەی ئەو تاکانە دەکات(فرانکفۆرت و-ناشـــمیاز، 2004: 280-282). ئەوەی گرنگە بزانرێت کاتێک دەوترێت تێبینی بەبەشداری، ئەم بابەتە تەنها پەیوەست نییە بە تێبینی بینین (الملاحظة البصرية) بەڵکو تێبینی بیستنیش (الملاحظة السمعية) دەگرێتەوە(کوبان، 2007: 59)، ئەمەش لەرێگای ئامادەبوونی توێژەر لە پرســەی تورکمانەکان، لە هەمانکاتدا تێبینیکردنی شــێوازی بەڕێوەچوونی پرســە و ســەرنجدان و تۆمارکردنی وردەکاری، مانا و ئاماژەکانی پرسە.

## 7.1 کۆمەڵگا و نموونەی توێژینەوە

ئەم توێژینەوەیە لەبارەی پرسەیە لای تورکمانەکانی هەولێر؛ کۆمەڵگای توێژینەوەکە بریتییە لە شاری هەولێر. بەڵام کۆمەڵگای مەبەست هەموو ئەو تورکمانانە دەگرێتەوە کە دانیشتووی شاری هەولێرن. لەم توێژینەوەیەدا نموونەی مەبەستدار. کۆمەڵگای توێژینەوەکە بریتییە لە شاری هەولێر. بەڵام کۆمەڵگای مەبەست هەموو ئەو تورکمانانە دەگرێتەوە کە دانیشتوی شاری هەولێرن، بەو پێیەی چەندەها پشتیان دەگەڕێتەوە بۆ شاری هەولێر هەروەها خەسڵەت و ووردەکولتووریی تایبەت بەخۆیان هەیە.

## 8.1 تەکنیکی ئەنجامدانی چاوپێکەوتنەکان لەم توێژینەوەیەدا:

1- هەر چاوپێکەوتنێک (50 تا 60) خولەکی خایاندووە.
2- ئەو تاکانەی بۆ چاوپێکەوتنەکە دەستنیشانکران چەند تایبەتمەندییەکیان هەبوو، سەرجەمیان لە تورکمانەکانی هەولێرن و شارەزایی باشیان هەبوو، بەردەوام لە پرسەکاندا ئامادە بووین.
3- چاوپێکەوتنەکان لە نێو ماڵ و شوێنی کارکردنی تاکەکانی نموونەکەدا ئەنجامدراون، بەشێوەیەکی تاکی، ڕووبەڕوو و بەتەنها ئەنجامدراون، بۆ ئەوەی لێتوێژەر بە دڵنیایی و بێ هیچ بەربەست و فشارێک- ڕاستیی بیروڕا، ئەزموون، بەسەربردنی ژیانی ڕۆژانەی بخاتەڕوو. هەروەها بۆ ئەوەی توێژەر بتوانێت چاودێری و تێبینییەکانی خۆی بەوردی تۆمار بکات.
4- چاوپێکەوتنەکان بە ڕیکۆردەر تۆمارکراون، کە دواتر توێژەر هەریەکەیانی بە جیا یاداشت و پاشان پاکنووس کردووە.

لەم توێژینەوەیەدا چاوپێکەوتنی نیمچەکراوە بەکارهاتووە. ئەو تاکانەی کە شارەزاییان زۆرە؛ بۆ زیاتر ئاشنابوون بەم نەریتە و لێکدانەوە و دەرخستنی بەراوردێک لەنێوان مانای تایبەت بە چۆنیەتیی بەڕێوەچوونی پرسە لە ڕابردوو و ئێستادا.

## 2. توێژینەوەکانی هاوشێوە

پرسە بابەتێکی گرنگە و پەیوەستە بە کولتووری کۆمەڵگاوە، ئەو کردە و مانا و هێما کۆمەڵایەتییانەی دەیانبەخشێت گەلێ لایەنی بنیادی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگا ڕوون دەکەنەوە و تێگەیەشتنێکی واقیعی لەو بارەیەوە دەڕەخسێنێ. زۆرێک لەو توێژینەوانەی لەسەر پرسە نووسراون ڕەهەندە جیاوازەکانی ئەم نەریتەیان خستووەتە بەر باس و تویژینەوە. شایەنی ئاماژەپێدانە کە ئەدەبیاتێکی ئەنترۆپۆلۆگی سەبارەت بە پرسە و تەنانەت مردنیش لە کۆمەڵگای کوردیدا، بەگوێرەی ئاگاداریی توێژەر، نییە و ئەوەشی هەیە لە کۆمەڵگاکانی دیکەن، بەڵام ئەوانیش کەمن. هەوڵدەدەین هەندێک لەو توێژینەوانە بەپێی ساڵی ئەنجامدانیان و جەختکردنەوە لەسەر ئەنجامەکانیان بخەینەڕوو.

توێژینەوەی (Vieile, Paul. (1967). Birth and Death in an Islamic Society) لێرەدا توێژەر هەوڵیداوە باس لە لەدایکبوون و مردن لە کۆمەڵگا موسڵمانەکان بکات، بەڵام نەپرژاوەتە سەر مانا و هیماکانی لەدایکبوون و مردن سرووتەکانیان لەو کۆمەڵگایانە. توێژینەوەی ( Huntington, Richard and Peter Metcalf. (1979). Celebrations of Death) هەوڵێکە بۆ شیکردنەوەی سرووتەکانی مردن لە کۆمەڵگای ئەمریکیدا، بەڵام لە ڕەهەندە کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکەیەوە باس لەو مەراسیمانە ناکات و، لەگەڵیشیدا، بەهیچ شێوەیەک باسی پرسەی نەکردووە. توێژینەوەی ( Smith, Jane I. and Yvonne Y. Haddad. (1981). The Islamic Understanding of Death and Resurrection. لێرەدا توێژەر بەشێوەیەکی گشتگیر تاوتوێی تیۆرە ئایینییەکان(تیۆرە تەقلیدی و نوێکان)ی کردووە سەبارەت بە مردن و زیندووبوونەوە لە ئیسلامدا، بەڵام زۆر بە کەمی ئاوڕی لە سروتەکانی مردن داوەتەوە و هیچ ئاماژەی بە تازییە نەکردووە. توێژینەوەی( el-Aswad, Death Rituals In Rural Egyptian Society : A Symbolic Study,1987) لەڕووی ئەنترۆپۆلۆگییەوە هەوڵیداوە شیکردنەوە بۆ بیروباوەر و تێگەیشتنی جووتیارانی میسری بکات سەبارەت بە مردن و پرسە لە گوندی میسری و لەمیانەیەوە تێگەیشتن لە کولتووری میسری. تیشکخراوەتە سەر ماناکانی مردن و

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پرسە و بیروباوەڕی خەڵکی ئەو ناوچەیە بەوەی مردن قۆناغێکە و تاک دەیبڕێت بۆ چوونە نێو دنیای بەرزەخ و پەیوەندییان بە مردووەکە هەر دەمێنێت، ئەویش لەڕێگەی خێرکردن بۆی و سەردانکردنی گۆڕ و بیرکردنەوە لە بارودۆخی مردوو لەنێو گۆڕدا، بەشێوەیەکی گشتیش پرسە و مردنی بە یەکترییەوە بەستووەتەوە. توێژینەوەی ( Thursby, J.S., 2006. Funeral Festivals in America: Rituals for the Living.) باس لە بابەتی پرسە دەکات لە کۆمەڵگای ئەمریکی، تیشک دەخاتە سەر تاوتوێکردنی پرسە لەڕووی کۆمەڵایەتی و کولتوورییەوە، هەروەها ئەو خواردن و مومارەسانەی لە پرسەدا دەکرێن لە ئەمریکا. بەڵام دیسان ئەمەشیان لەچوارچێوەی کۆمەڵگایەکی فرەڕەنگەوە باس لە پرسە دەکات، نەوەک پرسەی تایبەت بە گرووپێکی ئێتنیی دیاریکراو؛ یانیش باس لە مەراسیمی پرسە و مانا کۆمەڵایەتییەکانی لای گروپێکی ئایینیی دیاریکراو. لێرەشەوەیە کە تایبەتمەندیی توێژینەوەی بەردەست دەردەکەوێت لەگەڵ توێژینەوەکانیتردا ، بەجۆرێک تێیدا باس لە مانا و هێما کۆمەڵایەتییەکانی ئەو مەراسیمانە دەکرێت لەگەڵ قوڵبوونەوە لە تێگەیشتن لە مانا و وەزیفە کۆمەڵایەتییەکانی پرسە لای ژنان و پیاوان. توێژینەوەی بەردەست، هەروەها، تایبەتە بە گرووپێکی ئێتنیی دیاریکراو کە ئەوانیش تورکمانەکانی شاری هەولێرن، توێژەر هەوڵیداوە ئەنترۆپۆلۆگییانە شیکردنەوە بۆ پرسە بکات لای ئەوان.

## 3.دابونەریت: (Tradition)

ڕەفتار و شێوازێکی هەڵسوکەوتە، کە کۆمەڵ و گرووپە کۆمەڵایەتییەکان پێیان شتێکی ڕاستە یان شتێکی باشە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە لەگەڵ کولتوردا وێکچووە(الحسن، 1999: 404). نەریت توخمێکی مەعنەویی سەرەکی کولتوورە کە لەپانتایی کۆمەڵایەتیدا شێوەی نیمچە یاسایەکی وەرگرتووە. دابونەریت دیوی دووەمی کۆمەڵێک بیروباوەڕ، بەهای کۆمەڵایەتی و ئایینی، پەیڕەوی سیحر ، ئەدەبی میللی ، ئەفسانە و زانیاریی گشتیی کە لەمیانی ڕەفتار و هەڵسوکەوتی کەسەکانەوە توێژەری ئەنترۆپۆلۆگیست بەدییان دەکات.

دابونەریتی کۆمەڵایەتی ناچێتە ژێر باڵی لۆژیکەوە و، ملکەچی بەهانەی ئەقلانیەت نابێت، بەڵکو تەنیا زانراوێکی وەرگیراوە لەشێوەی پیرۆزیش دایە. ئەگەر کۆمەڵگا بچوک و لەناویەکدا بێت، ئەوا دابونەریت باڵادەست دەبێت و وەکو ئامرازێک بۆ بڕیاردان لەسەر ڕەفتاری تاک(سلیم، 1981، 983).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

واتە، دابونەریت بریتییە لە ڕەفتار و هەڵسوکەوت و ڕێبازی باووباپیران لە ژیانی ڕۆژانە و کردەییدا کە کۆمەڵ و گرووپە کۆمەڵایەتییەکان پەیڕەوی دەکەن و پێیان شتێکی ڕاست و باشە.

## 4. مردن و پرسە

کۆمەڵگای مرۆیی بەردەوام لەهەوڵی ئەوەدابووە ئەندامانی کۆنترۆڵ بکات، لە چوارچێوەی دابونەریت و ڕێوڕەسمە کۆمەڵایەتی و ئایینییەکانەوە، وابەستەبوون و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیان پتەو و ڕێکبخات. بۆیە لەبەرامبەر پابەندنەبوون بەو دابەنەریتانەوە، چەندین سزا دانراون تاوەکو تاکەکان نەتوانن لێیان لابدەن. گومانی تێدا نییە ئەو دابونەریتانە لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ یەکی دیکە جیاوازن، لەرووی چۆنیەتی و چەندێتیی دووبارەکردنەوەیانەوە، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ جیهانبینی و تێڕوانینی کۆمەڵگا بۆ سروشت و واقیعی کۆمەڵایەتی. دابونەریتەکان بەرجەستەکردنی بوونی کۆمەڵایەتییانەی کۆمەڵگایە ، یاساگەلێکی زارەکین و کۆمەڵێک وەزیفەی کۆمەڵایەتی ئەنجامدەدەن. هەر ئەمانەش بەشێکن لە کولتووری کۆمەڵگا ، پەیوەندییەکان و چۆنیەتی کارلێککردنی تاکەکان لەگەڵ یەکتردا ڕێکدەخەن و کۆنترۆڵیان دەکەن.

لەدێر زەمانەوە هەمیشە هەموو کۆمەڵگا و ئایینەکان ڕێزیان لە مردووەکانیان گرتوون، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ خۆشەویستیان بۆ مردووەکە. ئیتر هەندێکیان مردووەکانیان پەرستووە و هەندێکیش وشکیان کردوونەتەوە و لە ماڵەکانیان دایان ناون، هەندێکیشیان سووتاندویانن و پارێزگاریان لە خۆڵەمێشەکانیان کردووە وەک هێمایەک بۆ پەیوەندییان بە مردووەکانیانەوە. هەروەها هەندێکیان گۆڕەکانیان بۆ کردوون بە جامخانە بۆ ئەوەی بەردەوام بتوانن ئێسک و پرووسکی ئازیزانیان بە بەرچاویانەوە بێت هەرکاتێک ویستیان بتوانن بیانبینن. زێتر لەوەش، لە هەندێک کۆمەڵگادا لەپاڵ مەراسیمەکانی مردوو ناشتن و پرسەدا، سیحر و جادوگەریشیان بۆ ئەنجامدەدەن و وەک سەرچاوەیەکی ماددی و سەرمایەگوزاری مامەڵە لەگەڵ مردووناشتن و پرسەدا دەکەن؛ هەندێکیشیان لەگەڵ ناشتنی مردووەکانیان خواردنیان بۆ دادەنێن لە گۆڕەکانیان و دواتریش خواردن بە کاهین و پیاوانی ئایینی دەدەن، گوایە بە مردووەکانیانی دەدەن( Naylor, 1989, Barua, 2003, (Misharina, 2011, Ladwig, 2012. مردن هەم دیاردەیەکی بایۆلۆگییە و هەمیش دیاردەیەکی ئیسکاتۆلۆگی (Escathologie)، ئەمەی دوایی واتە تەواوی ئەو شتانەی دەورەی مردنیان داوە لە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

مەراسیمی بەخاکسپاردن و هێمای ئایینیی(ئەحمەد، 2014: 20). چۆنیەتی ناشتنی مردووش دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە و تایبەتە بە گرووپە مرۆییە جیاوازەکانەوە، لەهەمانکاتدا زەرورەتێکی ژیانیشە بۆ سەلامەتیی ژیانی مرۆڤەکان؛ واتە، بەپێی ئایین و دابونەریتی کۆمەڵگاکە، خاوەن مردوو چەند کارێک ئەنجامدەدا وەک: ئامادەکردنی مردوو، شوشتنی مردوو، کفنکردنی مردوو، نوێژکردن لەسەر مردوو، بەخاکسپاردنی مردوو، پاشان پرسە گێڕان.

پرسەش (Funeral) نەریتێکی کۆمەڵایەتییە، بەمانای لێپرسینەوە و پێبەخشینی ئارامی، دڵنەواییکردن، پاڵپشتیکردن و هەڵگرتنی بڕێک لە قورساییەکانی لەدەستدانی کەسێک دێت لەلایەن ئەوانی دیکەوە. هەموو ئەمانەش دەکرێن بە دەربڕینی ئەو دەستەواژانەی کە خاوەن مردوو ئارام دەکاتەوە و خەمەکەی کەمدەکاتەوە.

پرسە وەک نەریتێکی سەرەکی و تایبەت وایە کە خەڵکی سەرەخۆشی لەکەس و کاری مردووەکە دەکەن، ئەم پرسەیە سیستمێکی وردی هەیە و ماڵی مردووەکە و سەرەخۆشکاران پابەندن پێیەوە، ئینجا دەرچوون لەم سیستمە وەک لادان و سەرپێچیکردنی بەهاکانی گرووپ وایە(الاصفر و العقیبة، 2007: 267)

خشتەی 1: جیاوازی هەڵسوکەوت و تێڕوانینی پیاو و ژنی تورکمانی هەولێر لەبارەی پرسەوە ڕوندەکاتەوە

| ژ | هەڵسوکەوت و تێڕوانینی ژنانی تورکمان لە پرسەدا | هەڵسوکەوتی پیاوانی تورکمان لە پرسەدا |
|---|---|---|
| 1 | لاواندنەوەی مردووەکە، هەندێجاریش مەلاژن چەند سورەتێکی قورئان دەخوێنێت لەگەڵ پێدانی ئامۆژگاری و خوێندنی فاتیحە | هەندێک ئایەت و سورەتی قورئانی دەخوێنرێن و نزا دەکرێت. |
| 2 | ناوهێنان و دووبارەکردنەوەی ناوی مردووەکە | هەر ناوی خوا دەهێنرێت |
| 3 | ترس و تۆقین لە مردن | ئیمان بە هەبوونی مردن وەک حەقێک لەسەر مرۆڤ |
| 4 | هاوارکردن و قیژاندن | ڕێزگرتن لە مردووەکە لەرێگەی بێدەنگ بوون و خۆڕاگرییەوە |

| | | |
|---|---|---|
| 5 | ئەو خواردنانە دروست دەکەن و دەیبەخشنەوە کەوا دەزانرێت سوودی بۆ مردووەکە دەبێت. | خواردن و شت نابەخشنەوە. |
| 6 | نا لۆژیکیانە هەڵسوکەوت دەکەن | لۆژیکیانە مامەڵە دەکەن |
| 7 | زۆر سۆزدارانە مامەڵە لەگەڵ حاڵەتی مردنەکەدا دەکەن | کەمتر سۆزیان دەردەبڕن، زۆر بەکەمی دەبینرێت پیاوان بگرین بەهۆی نەریتە کۆمەڵایەتییەکانەوە |
| 8 | زۆربەی جار هەڵسوکەت و ئاماژەی بەدەر لە ئایین ئەنجامدەدەن | زیاتر پابەندی ئایین دەبن و هەڵسوکەوتی بەدەر لە ئایین ناکەن . |
| 9 | پۆشینی جلوبەرگی ڕەنگ ڕەش یان ڕەنگی مات، لەکاتی پرسە و دوای پرسە بۆ ماوەیەک نەریتە. | پۆشینی هەموو جۆرە ڕەنگێک؛ ڕەنگە ماتەکان بەتایبەت، بەردانەوەی ڕیش و سمێڵ. |
| 10 | لە پرسەدا ژنان پێگەی ئابووری و کۆمەڵایەتی خۆیان نمایش دەکەن. | نمایشی هیچ شتێک ناکەن. |
| 11 | لە سییەم ڕۆژدا مەولوود سازدەکرێت و ئەم شتانەی بۆ ئامادە دەکرێت: شەربەت، هێلکە لەنێو تاسێک شەکر، پاقلاوە، خورما دادەنرێت. پاش تەواوبوونی پرسەکە بەسەر ئامادەبوواندا دەبەخشرێنەوە. | مەلوود ناخوێنرێت |

لە خوارەوە هەوڵدەدەین بەشێوەیەکی گشتی قۆناغەکانی پرسە لای تورکمانەکانی هەولێر ڕوونبکەینەوە، لەگەڵ ئەو مانا و ئاماژە کۆمەڵایەتییانەی لە پرسەدا دەردەکەون و واقیعی کۆمەڵایەتیی تورکمانەکان دەخەنەڕوو، هەروەها تێگەیشتنی زیاتر لەبارەی ئەوانەوە بەدەستەوە دەدەن.

### 1.4. پرسە دانان:

دوای بەخاکسپاردنی مردوو پرسە دەست پێدەکات. لەڕابردوودا، پرسە بۆ ماوەی(7) ڕۆژ درێژەی دەکێشا (ئەمە لە ساڵانی شەست، حەفتا و هەشتاکانی سەدەی رابردوو بەو شێوەیە بوو)، پاشان ڕۆژەکانی پرسە وردە وردە بەپێی بارودۆخی کۆمەڵگا کەمبووەوە تاوەکو گەیشتە (3) ڕۆژ (ئەمە لە ساڵانی نەوەدەکان تا سەرەتای دوو هەزار)، کە خەڵکی هەر لە بەیانییەوە تا کاتی شێوان لە مزگەوت پرسەیان دەگێڕا و دواتر چەند ڕۆژێکیش لە ماڵەوە خاوەن مردوو پێشوازیی لە کەسوکار و ناسیاو و خزموو کەس کردووە. دواتر بە پێی بڕیاری وەزارەتی ئەوقاف ئیتر پرسە گێڕان کرا بە 2 ڕۆژ. دوای

بڵاوبوونەوەی پەتای کۆرۆنا، پرسەدانان قەدەغەکرا و کەرەنتین و قەدەغەی هاتووچۆ، لەگەڵیشیدا سزای ماددی، ئاسانکاری بۆ حکومەت کرد کە بتوانێت بڕیارەکەی بەسەر خەڵکیدا بسەپێنێت. بەڵام دوابەدوای ئاساییبوونەوەی ژیان و دەرکەوتنی ڤاکسینی کۆرۆنا ئیتر حکومەتیش لە یاسا و سزا مادییەکانی بەرامبەر بە پرسە نەرمونیانی نواند، ئێستا پرسە دادەنرێت نە لە مزگەوت، بەڵکو لە ماڵان و زۆربەی خەڵک بەپێی ڕێنماییەکان پرسە دادەنێن.

پرسە دانان وەک ڕێزلێنانێکە لە مردوو و بەجێ نەهێشتنی خێزان و بنەماڵەی مردووە لەو کاتە سەختەدا، لەگەڵیشیدا مانای بەشداریکردنە لە خەمی گرووپ و کۆمەڵەکان و بۆ توندوتۆڵکردنی وابەستەی کۆمەڵایەتیی نیوان گرووپە کۆمەڵایەتییەکانە.

خۆئامادەکردن بۆ پرسە وەکو داب و نەریتێک لە باو باپیرانەوە پشت بە پشت ماوەتەوە، گێڕانی پرسە، وەک زەروورەتێکی کۆمەڵایەتی تەمەشا دەکرێت، بەوپێیەی پەیوەندیی تووندوتۆڵ و خۆشەویستیی تاکەکان بۆ یەکدیی وایانکردووە کاتێ یەکێک دەمرێت هەوڵدەدەن بە باشترین شێوە ڕێز و خۆشەویستی خۆیان بەرامبەر لە دەستدانی ئەندامێک لە خێزانەکەیان دەربڕن. پرسە، مەراسیمێکی چاوەڕوان نەکراوە، واتە پێشتر هیچ ئامادەباشییەکی بۆ نەکراوە، هەر کە خێزانێک کەسێکی لێ دەمرێت، هەوڵدەدەن بەزووترین کات کەسوکاریانی لێ ئاگادار بکەنەوە. هەنووکە، لەرێگەی تەلەفۆنەوە دەتوانرێت بە کەمترین کات و دەسبەجێ زۆرترین خەڵک ئاگادار و کۆ بکرێنەوە. لە کۆندا، حاڵەتەکە جیاوازبوو، یەکێک لە نزیکەکانی مردووەکە دەچوو ماڵی خزم و ناسیاوانی ئاگادار دەکردەوە، ئەوانیتریش کەسانی دیکەیان ئاگادار دەکردەوە، یاخود هەندێک خێزان(بەرێژەیەکی کەم)، لەرێگەی تەلەفۆنی ماڵەوە (تەلەفۆنی زەمینی)، ئاگادار دەکرانەوە.

دوای ئاگادارکردنەوەی کەسوکار، تابلۆیەکی پەرۆیینی ڕەنگ ڕەش، لەنزیکی ماڵی خاوەن مردوو هەڵدەواسرا، ئەم شتانەی لەنێو دەنوسرێت: (ناوی سیانی و نازناوی مردوو، باوکی یا دایکی فلانەکەسە ناوی کوڕەکانی مردووەکە دەنوسرێت، ڕۆژی وەفاتکردنی، ناوی مزگەوتەکەی کە پرسەکەی تێدا بەڕێوەدەچێت، بەرواری مردن و هەندێکجار هۆکاری مردنەکەش لەنێو ئەو تابلۆیەدا ئاماژەی پێ دەکرێت). دانانی ئەم تابلۆ پەرۆیینە ڕەشە بۆ ئاگادارکردنەوە و ئاسانکارییە، تاوەکو کەسوکار و ناسیاو ماڵ و شوێنی خاوەن مردووەکە بدۆزنەوە. ڕەنگی ڕەش مانای خەمباری و خەفەت و ناخۆشییە، بۆیە

وەک نیشانەی خەمناکی و خەفەتباری لە تابلۆی پرسەدا قوماشی ڕەنگ ڕەش بەکاردەهێنرێت. ئامانج لە دانانی پرسە، دڵدانەوەی خاوەن مردوو و هەڵگرتنی هەستی خەموو پەژارە لەگەڵ خاوەن مردوو، کە بەمەش دووپاتکردنەوەی هاوبەندیی کۆمەڵایەتی و ڕێکخستنەوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی لێ بەرهەمدێت، لەگەڵیشیدا کۆمەڵگا کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتیی گرووپە مرۆییەکان دەکات.

هەر لەگەڵ ئاگادارکردنەوەی خزم و کەسوکاری مردووەکە و کۆبوونەوەیان، دەست دەکەن بە کۆکردنەوەی ناوماڵی مردووەکە، ئەم کارە لەلایەن هاوسێ و کەسوکاری خاوەن مردووەکەوە ئەنجامدەدرێت، ئیتر هەموو کەلوپەلەکانی ناو ماڵەکە لە ژوورێکی خانووەکەدا کۆدەکرێنەوە؛ ئەگەر شوێنیشیان نەبوو، کەلوپەلەکان لە ژوورێکی ماڵی هاوسێیەکییان دادەنرێت، چونکە خاوەن مردووەکە ئاگایان لەماڵ و حاڵیان نامێنێ، بۆیە دەور و دراوسێ و خزم و کەس ئەم کارە دەکەن و ماڵەکە خاوێن دەکەنەوە و ئامادەی دەکەن بۆ پێشوازیکردن لە خەڵک.

بەپێی گۆڕانی کۆمەڵایەتی و ئابووری شێوازی بەڕێوەبردنی مەراسیمیش گۆڕاوە، بەتایبەت سەردەمی پێش کۆڕۆنا و سەردەمی دوای کۆڕۆنا. سەردەمی پیش کۆڕۆنا بۆ پرسەی ژنان هەندێکجار ماڵ و زۆربەی کات ڕەشماڵ نزیک ماڵی خاوەن مردوو هەڵدەدرا بۆ پرسەی ژنان. بەهۆکاری بچووکیی ڕووبەری خانوو و گۆڕانی کۆمەڵایەتی-کولتووری و ئابووری ئیتر ڕەشماڵ دانان بۆ پرسە بوو بە دیاردەیەکی باو لە پرسەکاندا، بەڵام وردە وردە ئەو دیاردەیە کەم بۆوە، بەتایبەت کاتێک لە پاڵ مزگەوتەکانی شاری هەولێر هۆڵی پرسەکان دروستکران و حکومەت بڕیاریدا کە پرسە لە 2-3 ڕۆژ زیاتر نەبێت، ئیتر پرسەی ژنانیش بردرایە نزیک پرسەی پیاوانەوە، بەشێوەیەک پرسەی پیاوان لەنێو مزگەوتەکان و پرسەی ژنان لە هۆڵی تەنیشت مزگەوتەکان بەڕێوە دەچوو، دەشێ هۆکاری ئەو گۆڕانەش کاریگەریی گۆڕانی کولتووری و کۆمەڵایەتیی بەسەرەوە بووبێت، چونکە کاتێک پرسە لە نێو ڕەشماڵ و ماڵاندا دەگێڕدرا، ژنان ئازادانە هەست و خەمی خۆیان دەردەبڕی و سادلیان و مەلاژن هەستی ئامادەبوانیان دەوروژاند بەوەی زیاتر بە کوڵ بگرین و شیوەن و لەخۆدان بەشێوەیەکی ئاشکرا ئەنجام بدەن، بەڵام کە پرسەی ژنان نزیککرایەوە لە مزگەوت و چووە ژێر چاودێریی پیاوانەوە، ژنان ئەو ئازادییەیان نەما و ئەو چەند کاتژمێرەی مەلاژن لە پرسەدا ئامادە دەبوو نەیدەتوانی بە ئارەزووی خۆی چی بوێت و چۆنی بوێت لە پرسەکەدا هەڵسوکەوت بکات، ئیتر بەم شێوەیە مەلاژنیش ئەو ڕۆڵەی

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لێسەنرایەوە کە لەنێو پرسەی ژناندا هەیبوو. هەروەها نزیکبوونەوە لە مزگەوت سنووری بۆ ژنان دانا کە نەتوانن لە دەربڕینی هەستە خەماوییەکانیان زیادەڕۆیی بکەن. زیتر لەوەش، ئەم نزیککردنەوەیەی پرسەی ژنان و پیاوان لەیەکتری جۆرێک لە رێکخستنەوەی پرسەی تێدایە، بەشێوەیەک ئاسانکاری بۆ سەردانیکاران کردووە کە هەموو بۆ یەک جێگە بچن، هەروەها خەرجیەکانی پرسەی لەسەر خاوەن پرسە کەمکردۆتەوە و جۆرێک لە رێکخستنەوەی بۆ کردووە.

ئێستا لە سەردەمی کۆرۆنادا بارودۆخەکە گۆرانی بەسەرداهاتووە، هەم حکومەت بە یاسا و هەم لەڕووی کۆمەڵایەتی و تەندروستیشەوە گۆڕان دروستبووە، بەشێوەیەک ماوەی کەرەنتینە و دوای کەرەنتینەش رێگە بە دانانی پرسە نەدەدرا، تەنها خاوەن مردووەکە و خزمە هەرەنزیکەکانی بەتەنیا لە ماڵەوە لە دەوری یەکتر کۆدەبوونەوە. دواتر ، پاش ماوەیەک و دوای دەرکەوتنی دەنگۆی ڤاکسین، ئیتر خاوەن مردووەکان لە ماڵەوە کۆدەبوونەوە و پێشوازییان لە میوانەکانیان دەکرد. ئێستا بەشێوەیەکی بەرفراوانتر پرسە دەگێڕدرێت بەڵام زۆربەی لە ماڵەوە دادەنیشن کەمجاریش بووە کە ڕەشماڵیان داناوە بۆ پرسەی ژنان. بۆ پیاوانیش لە مزگەوت دانانیشن. ئەوەش بەهۆی کاریگەرییەکانی کۆرۆناوە.

پرسەگێڕان بۆ مردوویێک، کە بەتەمەن یان گەنج بێت، جیاوازییەکی نییە، تەنها ئەوەیە کە دەڵێن: گەنجەکە دنیای نەبینیووە و تەمەنی کەم و خۆشیی ژیانی نەبینیووە، بۆیە زیاتر خەمی بۆ دەخۆن، لاواندنەوەش زیاتر بۆ ئەمان دەکرێت؛ لەگەڵیشیدا، هۆشیاریی ئایینی رۆڵی هەیە لە چەندیتی و چۆنیەتی پرسە گێڕاندا. بەشێوەیەک ئێستا خەڵکی بەگشتی هۆشیاربوونەتەوە کە مردن هەقە و هەمووان دەبێت بەو ڕێگەیەدا بڕۆن و ڕازیبوون بە فەرمانی خوا وادەکات جێگەی مردووەکە باش بێت.

کەواتە؛ هەموو ئەو رێورەسم و ئاماژانەی لە پرسەدا مومارەسە دەکرێن، ڕەهەندی کۆمەڵایەتییان هەیە و بەشێکن لە کولتووری تورکمانەکانی هەولێر، بەڵام ئەوەش لەبیر نەکرێت کە لەبەر ئەوەی تورکمانەکانی هەولێر رێژەیان کەمترە و تێکەڵاوییەکی زۆریان لەگەڵ کوردەکان هەیە، بۆیە ئەوەی لەسەرەوە وەک ئامادەکاری بۆ پرسە خرایە ڕوو لە پرسەی شاری هەولێر بە گشتی تێبینی دەکرێت، تەنها لە هەندێک وردە نەریت دا نەبێت، وەک ئەوەی خرایە ڕوو کە لە پرسەی ژناندا هەندێکجار وێنەی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

مردووەکە دادەنرێت و دەورەی دەڕازێنرێتەوە، هەروەها لە کۆتا ڕۆژی پرسەدا شیرینی و شەربەت پێشکەش دەکرێ.

## 2.4 وەزیفە کۆمەڵایەتییەکانی پرسە:

پرسە هەڵقوڵاوی کۆمەڵگایە بۆیە وەزیفەیەکی کۆمەڵایەتیی هەیە، بەوپێیەی دەربڕینی هاوسۆزییە بۆ خۆشەویستان و کەس و کار و خاوەن مردوو، هەر لەم ڕێگەیەوە، گوزارشت لە هاوخەمی و دەربڕینی ڕێزە بۆ مردووەکە و خاوەن مردووەکە، لەگەڵیشیدا هەڵگرتنی برێکە لەو خەمەی کە خاوەن مردوو هەڵیگرتووە. پرسە گێڕان جۆرێک کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتیی هەیە لەسەر تاکەکان و وابەستەی کۆمەڵایەتی لەنێوان تاکەکان بەهێزدەکات، یەکانگیریی کۆمەڵایەتی و پەیوەندیی کۆمەڵایەتی توندوتۆڵتر دەکات؛ کەواتە، پرسە گێڕان، بەشیوەیەکی سەرەکی، ڕێکخستنی کۆمەڵایەتیی لە کۆمەڵگادا بەرجەستە دەکات. لەنێو تورکمانەکانی هەولێر پرسە وەک کەناڵێکە بۆ یەکانگیریی کۆمەڵایەتی و سەردانکردنی یەکتر و ئاشتبوونەوە و نواندنی لیبوردەیی. هەروەها پرسەکەناڵێکیشە بۆ نمایشکردنی پێگەی کۆمەڵایەیتی و ئابووری و ئەنجامدانی ململانی و کێبرکێکردن بەتایبەت لە پرسەی ژناندا ئەمە زۆر بە زەقی دەردەکەوێت. لە ڕابردوودا لای تورکمانەکان زۆر جەختیان دەکردەوە کە لە پرسەدا ئەو کچانەی گەنجن و هاوسەرگیرییان نەکردووە ئامادە نەبن؛ دەشێ هۆکاری ئەم نەریتەش بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە گەنج هێشتا ژیانی بەبەرەوە ماوە و پێویست ناکات لە دنیای گەورەکان و خەمو خەفتیان بەشداری بکات، بەڵام لە ئێستادا پێچەوانە بۆتەوە کچان دەچنە پرسە و کەناڵێکە بۆ نمایشکردنی کچەکانییان.

## 3.4 بڕی تێچوونی پرسە:

سەبارەت بە خەرجییەکانی پرسە ، لە ڕابردوو و ئێستادا گۆڕانی بەسەردا هاتووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەپێی چینەکانی نێو تورکمانان دەگۆڕێت ، لەگەڵیشیدا خەرجی پرسە پێش کۆڕۆنا و دوای کۆڕۆنا گۆڕاوە، لەبەر ئەوەی ئێستا خەڵک و ئامادەبووانی پرسە، بەڕادەیەک هۆشیاریی کۆمەڵایەتی و تەندروستیان هەیە. هەروەها زۆرێک لە خاوەن مردووان پرسە دانانێن ئیتر ئەو خەرجیانە شتێکی وانییە کە باس بکرێت، بەڵام بەگشتی پێش کۆڕۆنا خەرجییەکانی پرسە زۆر زیاتربوون تاوەکو ئێستا.

خەرجیەکانی پرسە لەسەر خاوەن مردوو بوو، بەڵام ئەگەر بزانرایە کە خاوەن مردوو باری ئابووری باش نییە، ئەوا خزم و کەس و ناسیاو هاوکارییان دەکرد و یارمەتییان دەدا لە خەرجیەکانی پرسەکەدا. ئەگەر پێشتر و پێش کۆڕۆنا لە پرسەدا ئاو و چا و قاوە (بە تایبەت لای چینی باڵا) پێشکەش دەکرا، ئەوا لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا و لەسەروبەندی کۆڕۆنادا، لە پرسەدا تەنها ئاو پێشکەش بە ئامادەبووان دەکرێت، هەروەها لە ژەمەکاندا تەنها کەسوکارە نزیکەکانی خاوەن مردوو ئەوانەی پلە یەک و دوون بۆ نانخواردن ئامادە دەبن.

بڕی تێچوونی پرسە لە بنەماڵەیەکەوە بۆ یەکی دیکە دەگۆڕێت. لە نێو چینی باڵادا زۆربەی کات بڕی تێچوون نزیکەی لە نێوان(1500000-2500000) ملیۆن دینار خەرجکراوە، ئەم خەرجییە بەپێی چینەکان دەگۆڕێت. ئەو خواردنانەی بۆ پرسە ئامادە دەکرێن، بەزۆری برنج و شلە و گۆشتە، بەڵام هەندێکجار خواردن لە چێشتخانەی دەرەوە دەهێنرێت، ئینجا یان برنج و مەرەگە و گۆشتە یانیش کەباب. دیسانەوە، ئەمە بەپێی بنەماڵەی خاوەن پرسە دەگۆڕێت، واتا؛ لەنێو چینی باڵادا هەندێکیان هێندە زیادەڕۆیی لە خەرجییەکان دەکەن، بەرخی سورکراوە لەچێشتخانەکان بەڕادان دەدەن و دوای نانخواردنیش جۆرەها شیرینی پێشکەشدەکەن، کە هەندێکیان لەماڵەوە دروست دەکرێن هەندیکیشیان لە بازاڕەوە دێنن و پێشکەشی ئامادەبووانی دەکەن. کەواتە تورکمانەکانی هەولێر لە بابەتی خەرجیەکانی پرسەدا زۆر هەوڵدەدەن نمایشی توانای ئابووریی خۆیان بکەن- لە پرسەدا خواردنی چاک و شیرینی پیشکەش دەکەن، هەندێک جاریش خزم و ناسیاوەکان بە خاوەن مردووەکە دەڵێن ئەمرۆ ئێمە خواردن دەهێنین بۆ پرسەکە.

ئەگەر سەرنج بدەین لە نێوان ڕابردوو و ئێستادا گۆڕانێکی زۆر بەسەر مەراسیمەکانی پرسە بەگشتی و پرسەی تورکمانانی هەولێر بەتایبەتی هاتووە؛ چونکە جگە لەو گۆڕانەی کە لەدوای ڕاپەڕینی 1991 و جەنگی 2003 بەسەر ناوچەکەدا هاتووە، ئەوا کاریگەریی کۆڕۆناش سەردەمێکی دیکەی هێناوەتە گۆڕێ، ئیتر بەهۆکاری یاسا و ڕێنماییەکانی حکومەتی هەرێم و بەرزبوونەوەی هۆشیاریی تەندروستی خەڵک چۆنیەتی پرسەش گۆڕانی بەسەردا هاتووە. ئێستا پرسە دادەنرێت بەڵام خەڵکی بۆ نانخواردن نامێننەوە و خاوەن مردووەکە ناچار نابێت ئەو هەموو خەرجییانە بکات بۆ خواردن ئامادەکردن، بەڵکو خواردنێکی کەم تەنها بۆ خێزانی مردووەکە خۆیان ئامادەی دەکەن و تەواو.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لە پرسەی ژناندا مەلاژن، کە ئافرەتێکە لە پرسە و مەولوود خوێندندا قورئان بۆ ژنان دەخوێنێت، هەندێکجار دەف بەکاردێنێت لەکاتی لاواندنەوە و پیاهەڵدان و خوێندنی سەردوولکە، هەندێکجاریش تەنها بە دەنگ قورئان دەخوێنێت. پێشتر لەبەر ئەوەی ئافرەتی ئاسایی نەیانزانیوە قورئان بخوێنن، بۆیە ژنی مەلاکان کە پێیان گوتراوە مەلاژن وەک قورئانخوێن بۆ نێو ژنان دانراون و فەرمووودەیان بۆ بخوێنێت و ئامۆژگارییان کردوون، چونکە نەدەبوایە پیاو تێکەڵاوی ژنان ببێت، بۆیە ناوی ئەو ژنەی کە قورئانی خوێندووە لەو بۆنانەدا کە باسکران هەر بە مەلاژن ڕۆیشتووە، کە مەرج نییە ئەو ژنە ژنی مەلاش بێت. کاتێک مەلاژن لە پرسە و مەولودەکاندا دەیخوێند لەبەرامبەردا پارەیەکی وەک پاداشت وەردەگرت، بەڵام کە هێنانی مەلاژن لە پرسە و مەولووددا بووە نەریت ئیتر مەلاژنی وەک پیشە لەلایەن هەندێکەوە پیشەگەری تێدا دەکرا و، مەلاژن خۆی دەستنیشانی ئەو بڕەپارەیەی دەکرد وەک دەستحەق. جاری وابووە لە شاری هەولێر دەستحەقی مەلاژن گەیشتووە بە 500 دۆلاری ئەمریکی، بەڵام دواتر وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی 200 هەزار دیناری دەستنیشانکرد بۆ 2 کاتژمێر دەبوو مەلاژن لە پرسەدا بخوێنێت. بۆ قورئان خوێندن دەهێنرا، کە لەدوای ساڵی 2000 ەوە وەک نەریت پەیڕەو دەکرا، بۆ پیاوانیش مەلایەک یانیش بە تۆمارکراوی لە مزگەوت لێدەدرا، ئەوکات نەریت بوو و پرسەکان بەگشتی و پرسەی تورکمانەکان بەتایبەت مەلاژن و مەلای تایبەتیان هەبوو، دەبوو ئەوانە بێنن بۆ پرسەکانیان کە لای ئەوان بەناوبانگ بوون. هەندێک بنەماڵە بۆ سەرجەم پرسەکانی ژنان و مەولود خوێندنەکانیان مەلاژنێکی دیاریکراویان دەهێنا و تایبەت بوو بەو بنەماڵەیە. ئێستا بەگشتی و لەنیو تورکمانەکان بەتایبەتی مەلاژن ئەو ڕۆڵەی نەماوە و گرنگ نییە خاوەن مردوو مەلاژن بۆ پرسەکانیان بهێنن بە هۆکاری کۆرۆنا و خۆپارێزی تەندروستییەوە. کەواتە ئەو خەرجیەش لەسەر خاوەن پرسە کەمبۆتەوە.

بەگوێرەی ئەوانەی سەرەوە، دەردەکەوێت کە بەهۆکاری بوونی کۆڕۆناوە خەرجییەکانی پرسە لە رابردوو و ئێستادا، لە ڕووی چەندێتی و چۆنیەتییەوە، گۆڕانێکی زۆری بەسەردا هاتووە. ئەو گۆڕانانەش پەیوەندییان بە گۆڕانی کۆمەڵایەتی و هۆشیاریی تەندروستییەوە هەیە، لەسەرووی هەمووشیانەوە ڕێوشوێنەکانی خۆپارێزی، کە حکومەتی هەرێمی کوردستان لەسەرەتای بڵاوبوونەوەی پەتاکەوە گرتینیە بەر.

## 4.4 ئاماژەکانی پرسە:

أ- پرسە گێڕان، خۆی لەخۆیدا بەمانای ڕێزلێنانە لە مردوو، لەهەمان کاتیشدا بۆ دەرخستنی پێگەی کۆمەڵایەتیی خاوەن پرسەکەیە. لە ڕابردوودا، هەندێ دابونەریت هەبوون، کە لەپرسەدا ئەنجام دەدران و وەکو یاسایەکی زارەکی و کۆمەڵایەتییان لێهاتبوو؛ لەوانەش خەم باربوون و هێنانی سادلیان بۆ گەرمکردنی پرسەکە و شینگێڕان، گریان، لەبەرکردنی جلوبەرگی ڕەش بۆ ماوەیەکی دورودرێژ، هەندێجار تا مردن، هەمان کات قەدەغەکردنی هەندێ ڕەفتار، وەک: پێکەنین، گاڵتە و سوعبەتکردن، تەماشاکردنی تەلەفزیۆن و گوێگرتن لە ڕادیۆ، گێڕانی ئاهەنگی هاوسەرگیریی، چوونە ئاهەنگ و لەبەرکردنی جلوبەرگی ئاڵا و واڵا و ڕەنگاوڕەنگ، چوونە ئارایشگا، قژ چاکردن و خۆ ڕازاندنەوە، زێڕلەبەرکردن، بەشوودانی کچان و ژنخواستن بۆ کوڕان، تەنانەت خۆشوشتنیش لە زۆرێک لە خێزانەکان تا ماوەیەکی زۆر نەدەکرا؛ هەروەها بەردانەوەی ڕیش؛ ئەو کەسەی پرسەدار بووایە لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە دەمرد و لە بۆنە و کۆبونەوە کۆمەڵایەتییەکان خۆی دادەبڕاند و بەردەوام دەبووایە خەمبار دەربکەوێت. ئیتر ئەو مردنە کۆمەڵایەتییە ئاماژەیەک و نیشانەیەک بوو بۆ خێزانی مردووەکە. ئەو نەریتانە هەندێک گۆڕانیان بەسەرداهاتووە، بەتایبەت لە پرسەی تورکمانەکاندا. خاوەن پرسە دەبوو پاکوخاوێن و جلوبەرگێکی دیار و ڕیک بپۆشێت، هەروەها میوانەکانیش جلوبەرگی جوان بەڵام ڕەنگی ڕەش و ماتیان دەپۆشی، تەنانەت خشڵ و زێڕیشیان بەخۆیانەوە دەکرد، کە تورکمان بەناوبانگن بەوەی زێڕ و خشڵی گرانبەها و گەورە بەخۆیانەوە دەکەن. ئیتر پرسە وەک شوێنێکە بۆ نمایشکردن، خۆ دەرخستن و ململانێکردنی یەکتر وکێبڕکێکردنی یەکتری لەبابەتی خۆڕازاندنەوەدا. سەبارەت بە پرسەی پیاوان بابەتەکە بەوجۆرە نییە، ئەوانیش هەوڵدەدەن پاکوتەمیز و ڕیکپۆش بن بەڵام بەو شێوەیە نییە کە لە پرسەی ژناندا هەیە.

ئێستا دۆخی کۆڕۆنا جۆرێکە کە زۆر گرنگی بەو بابەتانە نادرێت، تەنانەت بۆ خۆپارێزی هێندە پرسەکان قەرەباڵغ نین، هەروەها ئێستا لەگەڵ خۆ ئامادەکردن بۆ پرسە، خەڵکی هەوڵدەدەن دەمامک ببەستن، هەندێکیان چەند دەمامکێک لەسەر یەک دەبەستن بۆ خۆپارێزی، بەڵام بەزۆری خاوەن پرسە دەمامکی ڕەنگی ڕەش دەبەستێت.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ب- سەرەخۆشی لێکردن: لە خاوەن مردوو و کەس و کارەکەی سوننەتە و سەرەخۆشی لێکردن بۆ دڵدانەوە و ڕێزلێنانی خاوەن مردووەکەیە؛ هەروەها بۆ دەربڕینی هاوخەمییە بۆ خاوەن مردووەکە. هەمیشە گرووپە کۆمەڵایەتییەکان هەوڵیانداوە یەکانگیری و وابەستەی کۆمەڵایەتی لەنێو ئەندامانیان بەهێز بکەن، ئیتر بۆ ئەم مەبەستە کۆمەڵێک دابونەریت و چالاکی کۆمەڵایەتیی دێننە ئاراوە تاوەکو لەمیانەیانەوە بتوانرێت پابەندیان بکەن. یەکێک لەو نەریتانەش پرسەگێڕانە کە کۆمەڵێک چالاکیی تێدا ئەنجامدەدرێت، هەریەکەیان مانا و هێمای کۆمەڵایەتی تایبەت بەخۆی هەیە. تورکمانەکانی هەولێریش وەک ئێتنۆسێک هەوڵدەدەن لەو دابونەریت و چالاکییە کۆمەڵایەتییانەیاندا شوناس و کولتووری خۆیان بپارێزن و، یەکانگیریی کۆمەڵایەتی و یەکبوونیان توندوتۆڵ بکەن.

پرسە واتا دڵدانەوەی کەس و کاری مردوو، پاڵپشتکردنیان بۆ ئارامگرتن و خۆ گونجاندن لەگەڵ ئەو دۆخەی کە تێیکەوتوون بە لەدەستدانی کەسە نزیک و خۆشەویستەکانیان.

لەپێش کۆرۆنادا، تورکمانەکان زۆر مکۆڕبوون لە سەردانکردنی یەکتر لە پرسەکاندا بۆ سەرەخۆشی، بەتایبەتیش کە سەرجەم بنەماڵەکان یەکتر دەناسن، ئیتر لەکاتی خۆشی و ناخۆشیەکاندا دەنگوباسی یەکتریان بۆ دەچێت، بەتایبەت لە هەواڵە ناخۆشەکاندا دەسبەجێ کۆدەبنەوە. ئێستا، لەسەردەمی کۆرۆنادا، کە پرسەگێڕان گۆڕانی بەسەردا هاتووە، ئیتر بۆ کاڵنەبوونەوەی ئەو نەریتە گرووپە کۆمەڵایەتییەکان هەوڵدەدەن ئاسانکاری بکەن و چاوپۆشی لەهەندێک لە وردەکارییەکانی پرسەدا بکەن، بۆ ئەوەی خەڵکی تەواو لەم دابونەریتە نەتەکێنەوە. بەوپییەی کۆرۆنا کاریگەریی زۆری دروستکردووە، ئیتر یەکێک لەو ڕێگایانەی تورکمانەکان گرتویانەتەبەر بۆ پارێزگاریکردن لە نەریتی پرسە، سەردانکردنی ماڵی خاوەن پرسەیە بۆ ماوەیەکی کەم، هەروەها سەردانکردنی گۆڕستان لەلایەن پیاوانەوە بەشێوەی بەردەوام، پەیوەندیکردی ناڕاستەوخۆ بە مۆبایل و تەکنۆلۆژیا بە خاوەن مردوو بە بەردەوامی.

ج- مەولوودگێران: یەکێکە لەدابونەریتە کۆنەکانی تورکمانانی هەولێر و لە سێیەم ڕۆژی پرسەدا مەولود دەخوێنن. یەکێکە لەو چالاکییە ئایینی و کۆمەڵایەتییانەی تورکمانەکانی هەولێری پێ دەناسرێتەوە. ئەم نەریتەشیان لە موزەفەرەدینەوە هەڵگرتووەتەوە. تورکمانەکان ژمارەیان لەچاو کوردانی شاری هەولێر کەمە، ئیتر بۆ ئەوەی پارێزگاری لە یەکگرتوویی و پێکەوەبوونیان بکەن، چەندین

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

چالاکی ئەنجام دەدەن، یەکێک لەوانە مەولوودگێڕانە. بۆ خۆشی و ناخۆشی مەلوود دەگێڕن. بۆ پرسە، هاوسەرگیری و لەدایکبوونی منداڵی کوڕ تەنانەت بۆ کۆبوونەوە لەگەڵ یەکتری لە هۆڵێک کۆدەبنەوە بەناوی مولوودگێڕان. تورکمانەکانی هەولێر هەمیشە ژن بەجیا و پیاو بەجیا مەولوود دەگێڕن.تەنها لە پرسەی ژناندا مەولوود دەخوێنرێت (خوێندنی مەولوود سەبارەت بە پرسەی خێزانە دەوڵەمەندەکان، ناوەند و هەژارەکانیش هەر وەکو یەکە، تەنها لەڕووی پێداویستیی و شیرینی و خواردن و خواردنەوەوە هەندێک جیاوازیی بەدیی دەکرێن). ئەو شتانەی لە مەلوددا دەوگوترێنەوە و ئاماژەیان پێ دەکرێت: باسکردنی هەندێک لە ژیانی پێغەمبەر-درودی خوای لەسەر بێت- و ناوی هەندێک لە کەسوکار و هاوەڵەکانی، دەهێنرێت، دواتر نزا دەخوێنن و هەموو ئامادەبووان ڕوو لەقیبلە ڕادەوەستن و نزا دەکەن؛ مەلاژن نزاکان دەڵێت و ئامادەبووانیش دەڵێن: ئامین؛ یانیش کەسێکی ئایینداری لەبری مەلاژن ئەو کارە دەکات، بەڵام مەولوود لەلای پیاوان ناخوێندرێت.

لەکاتی پرسەدا خاوەن ماڵ بەردەوام لە پەیوەندییەکی ڕوحی دایە لەگەڵ مردووەکەی، ئینجا بەهەر شێوەیەک بێت، دەیانەوێت قورسی ئەو تیپەڕینە بۆ دنیای بەرزەخ لەسەر مردووەکەیان سووک بکەن، بە بڕوای ئەوانیش زۆر قورئان خوێندن و سەڵاوەتدان لەسەر گیانی پێغەمبەر-درودی خوای لەسەر بێت- هەروەها کۆبوونەوەی ژمارەیەکی زۆری خەڵک لە مەولوودەکە و نزاکردن و خوێندنی سورەتی فاتیحە هاوکاری مردووەکە دەکات بۆ ئەو پەڕینەوەیە. پاشان ، دوای تەواوبونی مەولوودەکە، کاتێک شیرینی دەبەشرێتەوە بەسەر میوانەکان، بە بڕوای ئەوان خێر و پاداشت بۆ مردووەکەیان دەڕوات. دانانی شت لەسەر میز و خوێندنی ئایەتی قورئان بەسەریاندا لە پرسەی ژناندا زۆر باوە.

ئەو شتانەی لە مولوود دادەنرێن، بە بڕوای تورکمانەکان مەبەستی سەرەکییان ئەوەیە کە لەبەر ئەوەی ئایەتە قورئانییەکانیان بەسەردا دەخوێنرێن، گوایە، ئەوەی بیخواتەوە مرازی دڵی دێتە دی و دەبێتە خواردن و خواردنەوەیەکی پیرۆز (تفەرک). پێویستییەکان بریتین لە شەکر، خورما و ، شەربەت ، کلابتان(گوڵاوی تیایە و دەستی ئامادەبووان بۆن خۆش دەکرێت)، هەندێکجار گوڵی سروشتی و مۆمیش دادەنرێن. دانانی هەریەک لەو شتانە مانا و هێمای کۆمەڵایەتیی خۆیان هەیە. بۆ نموونە شەکر و خورما : بەو پێیەی ئەو شەکرە قورئانی لەسەر دەخوێنرێت بۆ مراز باشە و بەسەر ئامادەبوواندا دابەش دەکرێت تاکو هەموویان مرازیان بێتە دی، واتە دوای ئەو هەموو گریان و خەفەتباربوونە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

میوانەکان دەمیان شیرین دەکەن، لەبەرامبەردا ئەو ناخۆشییەی مردوو لە گۆڕدا دەیبینێت بە دەمشیرینکردنی زیندووەکان ئەویش دەمی شیرین دەبێت و خەم و ناخۆشییەکانی گۆڕی لەسەر لادەچێت. لەسەر ئەو بنەمایەیە کە دوای هەموو ناخۆشییەک خۆشی دێت. مۆم: لەپێشی مەلاژن چەند مۆمێک پێدەکرێن(ژمارەکەی دیاریکراو نییە)، بە بڕوای ئەوان بۆ ڕۆشناییە و لەدوای ئەو خەم و خەفەت و تاریکییە ڕۆشنایی و هیوا دێت، هەروەها گۆڕی مردووەکەش ڕوناک دەکاتەوە؛ گوڵ: لەسەر مێزی بەردەم مەلاژن گوڵ دادەنرێت، ئەمە مانای دەربڕینی خۆشەویستییە بۆ مەولوودەکە و بۆ مردووەکە؛ شەربەت: بەوپێیەی شەربەت بۆ کاتە خۆشەکانە، لێرەشدا بۆ دەربڕینی خۆشی و بەپیرەوە چوونی خۆشییە و بەخواردنی مرازییان دێتە دی. دوای خوێندنەوەی مەلوود ئەم شتانە دابەشدەکرێت لە کاتی ڕۆیشتنی هەر کەسێک؛ حەلوا کە تورکمانەکانی هەولێر پێی دەناسرینەوە، چوکلێت، شەکرۆکە، لوقم و پاقلاوە، حەلوا گوایە مردووەکە لە گۆڕدا دەمی تاڵە؛ ئەم حەلوایە دەکەن بەخێر و دابەشدەکرێت بەسەر ئامادەبووان بۆ ئەوەی دەمی مردووەکە شیرن بێت.

د- ڕەشپۆشین: پۆشینی جلوبەرگی ڕەش وەکو دابونەریتێک لەناو خەڵکی هەولێر باوە؛ پۆشینی ڕەنگی ڕەش لەکاتی پرسەدا لای تورکمانەکان، وەکو لای زۆربەی نەتەوەکانی دیکە، مانا و هێمایەکە بۆ پرسەباریی و خەمباربوون، ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە خاوەن پرسە دڵ بەخەمە و نیگەرانە کە خۆشەویستێکی لەدەستداوە، هەر بۆیە جلوبەرگی خاوەن پرسە سادە ڕەنگ ڕەشبووە. ئێستاش تورکمانەکان هەر لەسەر ئەو نەریتەی خۆیانن و ئەو ڕەنگە لە کولتووری ئەوان و ناوچەکەدا بەڕەنگی نەهامەتی و خەمباربوون دادەنرێت. هەروەها ئەوانەشی کە لە پرسەکاندا ئامادە دەبن نەریت وایە جلوبەرگی ڕەش یاخود جلێکی ڕەنگ مات دەپۆشن وەک هێمایەک بۆ بەشداریکردن لە خەمی خاوەن پرسەکە. لە ڕابردوودا نەدەبوو جلوبەرگی تازیە بریقەی تێدا بێت، یاخود بەنەخش بێت. هەرچی ئێستایە بوو بە جۆرێک لە نەریت کە ژنانی دەوڵەمەند بۆ پرسە زێڕ و خشڵ و ئەڵماس بەخۆیانەوە دەکەن، ئەمەش بۆ خۆدەرخستن و کێبڕکێی یەکتری دەکەن.

ت- شیوەنگێڕان: یەکێکە لە ئاماژەکانی پرسە و نەکردنی لادان بووە لە یەکێک لە دابونەریتە کۆمەڵایەتییەکان. لەنێو تورکمانەکان وا باوبوو کەسێک بە ناونیشانی "سادلیان"، سادلیان ئافرەتێکبوو لە پرسەی ژنان بانگ دەکرا بۆ ئەوەی شین بگێڕێت، لەبەرامبەر ئەو کارەی بڕە پارەیەکی پێ دەدرا. لە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سەردەمی عوسمانییەکاندا ئەم نەریتە باوبوو، تورک ئەو نەریتەیان پەیڕەو دەکرد .(Scarce, 1996).
دەهێنرایە پرسەی ژنان و شینی دەگێڕا(شینەکە بە شێوەی بازنەیی دەبەسترا) و خەڵکی هاندەدا و جۆش و خرۆشی بە خاوەنانی مردوو دەدا بۆ ئەوەی بەکوڵ بگرین و میوانەکانیشی دەخستنە گریان و لەخۆیان دەدا. سادلیان دەستیدەکرد بە لەخۆدان و پرچ ڕنینەوە، ئەوە کارێکی پەسەندبوو و دەبوو بەم شێوەیە دەریبخات چەندە دڵسوتاو و بە ناسۆرە بۆ مردووەکە و خاوەن مردووشی بەوجۆرە دەخستە نێو بارودۆخێکی خەماوی، گریان و شین و ڕۆڕۆوە.
بەو پێیەی ژنان بە سۆز و هەستیارترن و زیاتر کاریگەردەبن بە مردن و ترس و دڵەڕاوکێی زیاتریان توش دەبێت، ئیتر بۆ دەربڕینی ئەو هەست و سۆزە خەماوییە پەنایان بۆ شیوەن، لەخۆدان، لاواندنەوە و گریان دەبرد. لەبەر ئەوەش کە شیوەن نەگێڕان ئاماژەیەک بوو بۆ بایەخ نەدان بە مردووەکەیان، بۆیە شیوەنگێران بوو بە نەریتێکی تورکمانەکان.
لە نەوەتەکانی سەدەی ڕابردووەوە ئەو نەریتی سادلیانە وردە وردە لای تورکمانەکان نەما ؛ خاوەن مردووش شیوەن و لەخۆدانیان کەمکردەوە تا وای لێهات لە پێش کۆڕۆنا شیوەن بەتەواوی کاڵبۆوە. ئێستا و لەسەردەمی کۆڕۆنادا لەبەر ئەوەی پرسە زۆر کەم دادەنرێت ئەگەریش دابنرێت خەڵکی بۆ ماوەیەکی کەم لە پرسە دادەنیشن، هەروەها شیوەن و لەخۆدان و ئەو شتانە ئەنجام نادرێن لەنێو تورکمانەکان، چیتر ئەو شێوازەی دەربڕینی خەموخەفەت لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە پەسەند نییە و بۆیەش تورکمانەکان ئەنجامی نادەن.
ح- لاواندنەوە: بریتییە لە پیا هەڵدان و ناوهێنانی کەسە مردووەکە - پیا هەڵدان بە جوانی، ئازایەتیی، بە دیینی، باڵا و شکۆمەندییەکەی. لەپرسەی ژناندا لاواندنەوە یەکێکە لە ئاماژە کۆمەڵایەتییەکان کە بەزۆری لە پرسەی گەنجەکاندا دەلاوێننەوە یان هەندێ بنەماڵە "قۆریاتی" خەماوی تێدا دەڵێنەوە(*). هەروەها ئەمە نەریتێکە تایبەت بە پرسەی ژنان؛ واتە، لە پرسەی پیاواندا لاواندنەوە و قۆریاتی خەماوی بوونی نییە. کەسە نزیکەکانی مردووەکە لەبەر ئەوەی دڵیان زۆر بەخەمە و بەکوڵن بۆ مردووەکەیان، ئیتر ئەوەی لە دڵی خۆیاندایە بەو شێوازە دەریدەبڕن. لاواندنەوە هەندێکجار تەنها

*- هەندێک قۆریات و لاواندنەوە بەسەر مردوە گەنج یان منداڵەکاندا دەڵێن، بگەڕێوە: (العصافي، 2021, 147-155).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەلایەن کەسە نزیکەکانەوە ناگوترێتەوە، بەڵکو کەسێکی دیاریکراو لە پرسەکەدا دەستدەکات بە لاواندنەوە.

کاتێ یەکێک پێشتر کەسێکی لێ مردووە و کاتێ دەچووە تازییەک دەستی دەکرد بە لاواندەنەوە، ئیتر ئەو ناسۆرە لە دڵی کەسوکارەکەی دەمایەوە و لە پرسەی کەسانی دیکەدا، هەر ئەوانە دەستیان دەکرد بە لاواندنەوە، هەم بۆ ئەو مردووەی کە لە پرسەکی دانیشتوون هەمیش بۆ مردووەکەی خۆیان. ئێستا لە سەردەمی کۆڕۆنا ئەم ئاماژەیە کەم بۆتەوە، لە نێو هەندێک بنەماڵە بۆ مردوە لاوەکانیان هەندێکجار دەلاوێننەوە، بەڵام بەگشتی لای تورکمانەکان لاواندنەوە کاڵبۆتەوە.

خ- پرسە شکاندن: واتە ژیانەوە لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە؛ بۆ نموونە، گۆڕینی ڕەنگی جلوبەرگ، لە ڕەنگی ڕەشەوە بۆ ڕەنگی دیکە، تەماشاکردنی تەلەفزیۆن و تێکەڵاوبوونەوە لەگەڵ خەڵک و بەشداریکردن لە چالاکییە کۆمەڵایەتییەکاندا. پێش سەردەمی کۆڕۆنا پرسە شکاندن لەلایەن کەسێکی نزیکی خاوەن مردووەکە یا دراوسێییەکییەوە وردە وردە دەهێنرایەوە نێو چالاکییە کۆمەڵایەتییەکانەوە. پرسە شکاندن لە ڕابردوو و ئێستادا بەپێی خێزان و بنەماڵەکان گۆڕاوە، هەمانکات بەپێی ئەو کەسەی کە مردووە دەگۆڕێت؛ ئایا کەسێکی ناودارە لەناو عەشرەتەکەی؟ یاخود کەسێکی گەنجە و خاوەن منداڵی بچووکە؟ یا گەنجێکە هاوسەرگیریی نەکردووە؟ یاخود کەسێکە بەتەمەنە و دنیای بینیووە و ماڵ و منداڵی گەورەن؟ ئایا بە زوڵم وەفاتیکردووە یا بە کارەساتێکی دڵتەزێن؟ ئینجا ئەمانە هەمووی کاریگەرییان هەیە لەسەر ئەو ماوەیەی کە خاوەن مردوو پرسەکەی تێدا دەشکێنێت.

لە ڕابردوودا، خەڵکەکە لە دوو ساڵ تاکو حەوت ساڵ پرسەدار دەبوو و، وەکو گوتمان، بەپێی تەمەنی مردووەکە ئەم ماوەیە دەگۆڕا (بۆ مردووی گەنج، کە پێیانوایە جوانەمەرگە ماوەی پرسە درێژتربوو تا مردووێک کە تەمەنی هەبووبێت) و هەموو پێنج شەمەیەکیش دەچوونە سەرگۆڕان، بەو هەڵسوکەوتە خاوەن مردوو دەیەوێت دوو پەیام بنێرێت بۆ جیهانی واقیعی و جیهانی بەرزەخ، بەوەی خەڵکی ببینن کە ئەوان هەر مردووەکەیان لەبیرە و لەگەڵیانە، هەروەها دیانەوێ بەو ڕەفتارەیان مردووەکەیان لەگەڵ خۆیان بهێڵنەوە و بەردەوام خۆشەویستیان بۆی دەربڕن؛ ئەمەش پەیامێکی بینراوە بۆ خەڵکیتر کە ئەوانە مردووەکەیان لا چەندە ئازیزە ، پەیامێکیشە بۆ مردووەکەیان کە ئەویان هەر خۆشدەوێ و لەگەڵیان دەژیت.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بۆ پرسە شکاندن دەبوو یەکێک لە بنەماڵەکەیان، کە خاوەن مردوو نەتوانێت قسەی بشکێنێت، بێت داوایان لێ بکات پرسەکەیان بشکێنن، ئەگەر نا لەخۆڕا پرسە شکاندن لەلایەن خاوەن مردووەوە عەیب بوو. ئێستا دۆخەکە گۆڕاوە و تێگەیشتن لەبارەی پرسە شکاندنیشەوە هێندە بەتووندی وەرناگیرێت.

## 5- یادکردنەوەی مردوو:

یادکردنەوەی مردوو هەموو خاوەن مردووێک نایکاتەوە، بەڵام لەلای هەندێک لە تورکمانەکان یادکردنەوەی مردوو بە داب و نەریتێکی کۆمەڵایەتی دادەنرێت؛ ئەنجامدانی ئەم نەریتە پێگەی کۆمەڵایەتیی خێزانی مردووەکە لەناو خەڵکیدا دەردەخات، هەمانکات پلە و پایە و خۆشەویستیی مردووەکە لەلای خاوەن ماڵەوە بە خەڵکی ڕادەگەیەنێت. لە خوارەوە چۆنیەتی و چەندێتی یادکردنەوەکانی مردوو دەخرێنە ڕوو:

أ- سێ ڕۆژە: بەوپێیەی لە ڕابردوودا ڕۆژانی پرسە حەوت ڕۆژ بوو، دواتر بوو بە سێ و پاشان کرا بە دوو ڕۆژ. کاتێک پرسە بۆماوەیەکی درێژ بەردەوام دەبوو، ئیتر دوای سێ ڕۆژ لە تەواوبوونی پرسە، خاوەن مردوو خێری دەکرد، بەڵام ئێستا دوو ڕۆژە؛ کەچی لای تورکمانەکان هەر سێ ڕۆژە و ئەو کارە ئەنجام دەدرێت. لەم ڕووەوە دەبێت تیشک بخرێتە سەر بابەتێک کە لای تورکمانەکان خێری بینراو و نەبینراو هەیە؛ خێری بینراو، واتا کاتێ خێردەکەن دەبێ ئەو خێرە ببەخشرێتەوە و خەڵک بیبینن وەک بەخشینەوەی گۆشتی ڕەشەوڵاخ و ئاژەڵی دیکە، یاخود خواردن، یان هەرشتێکی دیکە کە خەڵکی ئاگاداربن ئەم خاوەن مردووە خێری کردووە. بەم ڕەفتارەیان، خاوەن مردوو لە لۆمەی خەڵکی خۆی دەربازدەکات، چونکە دەبێت بۆ کۆمەڵگاکەی بیسەلمێنن لە یادی مردووەکەیاندان و خەریکە خێری بۆ دەکەن. بەڵام خێری نەبینراو، واتا بەبێ دەنگی و بێ ئەوەی خەڵک ئاگادار بێت، خاوەن مردوو خێری بۆ دەکات، ئەم خێرەیان بۆ ئەوەیە کە سوود بە مردووەکەیان بگەیەنێت لە گۆڕەکەیدا، ئەمە مانای وایە زیندووەکان بەردەوام هەوڵدەدەن پەیوەندییەکیان بە مردووەکەوە بمێنێت و بەردەوام شتانێکی بۆ دەکەن تاوەکو لە ژیانی بەرزەخ و گۆڕدا سوودی بۆی هەبێت.

ب- پەنجاو یەک ڕۆژە (ئەلبیریان): لەنێو تورکمانەکانی هەولێردا نەریتێک هەیە دوای پەنجاو یەک ڕۆژ یادی مردووەکەیان دەکەنەوە. ئەم نەریتە تا نەوەتەکانی سەدەی بیستیش بەردەوامی هەبوو ، بەڵام دواتر بەهۆی کاریگەربوون بە کولتووری کوردییەوە ئیتر ئێستا ئەوانیش بەشێوەیەکی ڕێژەیی چلەی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بۆ مردووەکانیان دەکەن، ئەگەرچی هەندێکیان تا ئێستاش پەنجاو یەک ڕۆژە بۆ مردووەکانیان هەر دەکەن. تورکمانەکان بڕوایان وایە دوای پەنجاو یەک ڕۆژ مردووەکە لە گۆڕدا گۆشت و ئێسکی لەیەک جیا دەبنەوە، لەبەر ئەوە خاوەن مردوو لەو ڕۆژەدا، وەک نەریتێک یادکردنەوە ئەنجامدەدات و ژنە بەتەمەنەکان حەلوایەکی تایبەت لەسەر نەریتی تورکمانەکان دروست دەکەن و دەیبەخشنەوە و لەگەڵ ئەو حەلوایە(*) خواردنیش دروست دەکەن و دەچن لەسەر گۆڕی مردووەکەیان دەیخۆن. حەلوای تورکمانەکان جیاوازە و هەموو کەسێک نایکات، تەنانەت تورکمانەکانیش بەتەمەنەکانیان دروستی دەکەن.

ئیستا تورکمانەکان هەندێکیان پەنجاو یەک ڕۆژە بۆ مردووەکانیان دەکەن و هەندیکیشیان ، بەتایبەت ئەوانەی ڕەگێکیان کوردە و لەگەڵ کورد تێکەڵاو بووین، چلە بۆ مردووەکانیان دەکەن. بیروباوەڕ بۆ ئەنجامدانی چلە دەگەڕێتەوە بۆ بۆچوونی تاکەکانی کۆمەڵگا بەوەی کە ڕوحی مردووەکە تاکو چل ڕۆژ هەر لە ماڵەوەیە، بەڵام دوای چل ڕۆژەکە ئەم روحە ماڵ بەجێدەهێڵێ و دەچێت بۆ شوێنی کۆتایی، کە ئاسمانە و ماڵی هەتاهەتاییەتی، لەهەمانکاتدا بەر لە چل ڕۆژەکە دەڵێن مردووەکە هێشتا کفنی زەرد نەبووە.

زۆربەی توێژەران لە نێویشیاندا (احمد عبدالخالق) لە کتێبی (قلق الموت)دا پێیانوایە یادکردنەوەی چلە ڕەگوڕیشەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەفسانەیەک، ئەویش ئەفسانەی(ئۆزۆریس)ە. بیرۆکەی ئەو ئەفسانەیە بەوشێوەیەیە کە براکەی ئۆزیۆس بەناوی (ست) لێی بەرک داچووە و ئەوی کوشتووە ، تەرمەکەی کردووە بە (40) پارچە و هەرپارچەیەکی لە دەشتاییەک فڕێداوە کە ئەوکات (40) هەرێم بووە. پاشان مسرییە کۆنەکان بۆ خوای (ئۆزۆریس)، کە دواتر بووە بەخوای مردووەکان، 40 گۆڕییان دروستکردووە و بۆ هەر بەشێکی جەستەی خواکەیان گۆڕێکیان تەرخانکردووە، ئینجا ئەم بەشانەی جەستەی (40) ڕۆژان لە مۆمیادا بوون (الجوهري، واخرون، 1998: 249). لە چلەمین ڕۆژی مردوودا، خاوەن مردوو یادی ڕۆژی چلەمینی دەکاتەوە، ئەوەش بەخێرکردن و بەخشینەوەی شیرینی، ئینجا یان بڕێک پارە دەبەن بۆ ماڵێکی هەژار، یاخود ئاژەڵێک سەردەبڕن و دەیکەنە خێر یانیش خواردنێک دروست دەکەن

*- ئەم حەلوایە ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی کە ئەم شـــیرنییە بکەن بەخێر تا دەمی مردووەکە شـــیرن بێت، چونکە گوایە دەمی مردووەکە تاڵە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەگەڵ حەلوا دەیبەخشنەوە؛ ئێستاکە لای هەندێک لە بنەماڵەکان لە ڕۆژی چلە قورئانێک و تەسبیحێک دەکەنە دیاری بۆ ئامادەبووان لەسەر گۆڕی مردووەکە ئەمەش ئاماژەیەکە کاتێک ئەو کەسانە ئەو قورئانە دەخوێنن و تەسبیحات بەو تەسبیحە دەکەن، ئەوا خێر بۆ مردووەکە دەچێت.

ج- یەکەم جەژنی مردووەکە: یادکردنەوەی یەکەم جەژنی مردوو، هەر وەک یادەکانی دیکەیە. ڕۆژی جەژن ڕۆژێکە بۆ دەربڕینی خۆشییە نەک نوێکردنەوەی پرسە. هەنووکە لە نێو هەموو چینەکانی کۆمەڵگادا، یەکەم ڕۆژی جەژن لەماڵی خاوەن پرسەدا سەرجەم خزموکەس و ناسیاو کۆدەبنەوە. بەڵام کەسە دوورەکان و هاوڕێیان تەنها ماوەی (5-10) خولەک لە ماڵی خاوەن مردوو دادەنیشن، دواتر هەڵدەستن. جەژنی یەکەم(نوجەژن) بەپێی تەمەنی مردووەکە دەگۆڕیت، بەجۆرێک کە مردووەکە گەنج بێت خەم و گریان بەو دانیشتنەوە دەردەکەوێت، بەڵام ئەگەر تەمەنی مردووەکە زۆربێت باشتر و ئارامتر ئەو جەژنە تێدەپەڕێت. یەکەم ڕۆژی جەژن سەبارەت بە خاوەن مردوو، دەبێ بەڕێوەبردنی وەک جەژنەکانیتر نەبێت، واتا ئەو شتانەی، وەکو باوە ، بۆ دەربڕینی خۆشی یاخود لەجەژندا دادەنرێن بۆ میوان، نابێ دابنرێن- ئەو شتانەش وەک: چێشتی جەژن (ژەمی بەیانیان)، شەربەت، شیرینی، چەرەزات، کولیچە، بورمە، چوکلێت....هتد. تەنها ئاو و چایە پێشکەشی میوانان دەکرێن.

د- ساڵانەی مردوو: یادکردنەوەی ساڵانەی مردوو هەروەک یادکردنەوەکانیتر هەڵقوڵاوی سروشتی کۆمەڵایەتیی ئەم ناوچەیەیە و بە نەریتێکی کۆمەڵایەتی دادەنرێت، زۆربەی خەڵک پێوەی پابەند دەبن و بۆ ئەوان گرنگە، لەبەر ئەوەی پێگەی کۆمەڵایەتیی خێزانەکە دەردەخات و خۆشەویستیی خاوەن ماڵەکە بۆ مردووەکەیان بۆ خەڵکی دەخاتەڕوو، هەمانکات پەیرەوکردنی، سەبارەت بە هەندێک، واجبێکی کۆمەڵایەتییە، بەتایبەت ئەگەر خاوەن مردوو بیەوێت خێرێکی بینراو بکات بۆ ڕوحی مردووەکە. لەم ڕۆژەدا ،کەسە نزیکەکانی مردوو کۆدەبنەوە و خێری بۆ دەکەن، بەتایبەت دەڵێن "ئەگەر خوێن برژێت، خێرەکە باشتر پێی دەگات" پێیان باشترە، نەک خێرەکانیتر(خێری نەبینراو)، ئەمەش بەو پێیەی هەم خوێن دەرژێت، هەمیش خەڵکی دەبینن کەوا خێریان بۆ مردووەکەیان کردووە. بەم جۆرەش هەم خێرەکە بۆ ڕووحی مردووەکە دەچێ، هەمیش لە لۆمەی خەڵکی ڕزگاریان دەبێت.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئێستا ئەم یادکردنەوانە زۆر بەکەمی دەکرێن، ڕەنگە "تەنیا" لەلای هەندێک بنەماڵە ئەنجام بدرێت، ئەگینا زۆرینەی خەڵک هەنووکە پابەندی هەموو ئەم یادانە نابن، زۆر بەکەمی دەبینرێت ئەم یادانە بکرێنەوە.

هـ- چوونە سەرگۆڕان: یادکردنەوەی مردوو، ئەویش لەڕێگەی چوونە سەرگۆڕان. ئەم یادکردنەوەیە لەلایەن بنەماڵەی کەسی مردووەوە مانای ڕێزو خۆشەویستییانە بۆ مردووەکەیان و لەیادیان نەکردووە، هەروەها هیشتنەوەی پەیوەندییانە بە مردووەکەیانەوە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ. لە ڕابردوودا نەریت وابوو کە هەموو خێزانەکە و کەسە نزیکەکانییان کۆدەبوونەوە و دەچوونە سەر گۆڕان، لەوێش شیوەن و گریان دەستی پێدەکرد، لەهەمان کات قورئانیش دەخوێنن، ئەگەر هەر یەکێک لە ئامادەبووانی سەر گۆڕان لە کەسە نزیکەکانی مردووەکە زۆر بەگەرمی بگریایە، ئەوا یەکێک لە بنەماڵەکە هەندێک لە خۆڵی سەر گۆڕی مردووەکەی دەکردە پشت ملیەوە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کەمتر خەم لە مردووەکەیان بخۆن. ئێستاکە تەنها خاوەن مردوو دەچێتە سەر گۆڕان، تۆزێک دەگریێن بێ ئەوەی شیوەن بکەن. ئێستا لە سەردەمی کۆڕۆنادا خەڵکی بە ئاگاییەوە کۆدەبنەوە و سەردانەکانیان سنووردارکردوون و تەنیا کەسە پلە یەکەکان دەیکەن.

سەبارەت بە گۆڕ هەڵگرتن کە بریتییە لەوەی لەدوای چلەی مردووەکە، خاوەن مردوو هەڵدەستن بە دروستکردن و دانانی کێل و کۆنکریتکردنی گۆڕی مردووەکەیان. لەسەر کێلەکان هەندێک شت دەنوسرێت وەک ناوی مردووەکە و ڕۆژی لەدایکبوون و ڕۆژی مردنی، هەروەها لەسەری دەنوسرێت (الفاتحة) یان (کل نفس ذائقة الموت) هەندێک جاریش شیعر و شت لەسەر کێلەکە دەنوسرێت بەپێی ویستی خێزانی مردووەکە دەبێت. ئینجا لای تورکمانەکان ئێستا وا باوە کە گۆڕی مردووە گەنجەکانیان هەڵناگرن، بەڵکو دەیرازێننەوە بە بەردی ڕەنگاوڕەنگ و نەمام لە دەور و پشتی گۆڕەکە دەچێنن، بەو پێیەی مردووەکە جوانە مەرگ بووە، بەڵام سەبارەت بە گۆڕی بەتەمەنەکان ئەوا دوای چلە گۆڕەکە هەڵدەگیرێت، بۆ ئەمانیش نەمام و گوڵ و گوڵزار لە دەورەی گۆڕەکە دەچێنرێت.

## 6. ئەنجامەکانی توێژینەوە

شێوازی بەڕێوە چوونی پرسە لای تورکمانەکان لەنێوان ڕابردوو و ئێستادا گۆڕانێکیی زۆری بەسەردا هاتووە؛ بەوپێیەی ئێستا تەکنەلۆژیا پێشکەوتووە و خەڵکی زووتر ئاگادار دەکرێنەوە، هەروەها

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەرزبوونەوەی ئاستی هۆشیاریی خەڵکی بەرامبەر بە شیوەنگێڕان لە پرسەدا؛ هەمانکات کۆڕۆنا زۆرێک لە چۆنیەتی پرسەدانانی گۆڕیوون و وەزیفە کۆمەڵایەییەکانی پرسەش گۆڕانیان بەسەردا هاتووە. ئەو گۆڕانانەش لە ئاماژەکانی پرسە و وەزیفەکانیدا زۆر بەزەقی دەرەکەون وەک کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی، وابەستەی کۆمەڵایەتی، هەروەها زوو شکاندنی پرسە، پۆشینی جلوبەرگی جگەلە ڕەنگی ڕەش، شیوەن نەکردن، کەمبوونەوەی ماوەی سەردانکردنی گۆڕی مردوو، یادکردنەوەکان و گۆڕانی ئەلبیریان بۆ چلە...هتد.

وردەکارییەکانی پرسە زۆر بوون؛ ئەو خواردنانەی کە لەپرسەدا ئامادە و پێشکەش دەکران، ئەمانیش گۆڕانیان بەسەردا هاتووە، بەڵام تورکمانەکان لەم بوارەدا تایبەتمەندی خۆیان پاراستووە. پرسەی ژنان و پرسەی پیاوانی تورکمان لەڕووی بەڕێوەچوونیانەوە جیاوازیی زۆریان هەیە. ئەو مانا و ئاماژانەی کە لە پرسەی ژناندا تێبینی دەکرێن لە پرسەی پیاواندا نیین.

ئێستاش لەنێو تورکمانەکان مەلا ژن بۆ تازیەی ژنان بانگ دەکرێت، بەڵام مەلاژنەکان دەستنیشانکراون و جگە لەو مەلاژنانە کەسی دیکە ناهێنن بۆ پرسەکانیان. یادکردنەوەی حەفتانە، پەنجا و یەک، چلە، نۆجەژن و ساڵانە، ئێستا زۆر بەکەمی ئەنجام دەدرێن و بەپێی بنەماڵە لەنێو تورکمانەکان دەگۆڕێت، بەڵام یەکەم جەژنە، ئەوا لای زۆرینەی زۆری تورکمانەکانی شاری هەولێر یادی دەکرێتەوە. ئێستا بۆ هەڵگرتنی گۆڕی مردووەکان لای هەندێ بنەماڵە گۆڕی گەنجەکانییان هەڵناگرن، بەو پێیەی ئەوە جوانە مەرگ بووە. نەریتی پرسە لەنێو تورکمانەکان بەپێی چینەکان جیاوازیی هەیە؛ چینایەتی کاریگەریی هەیە لەسەر چۆنیەتی بەڕێوەچوونی زۆربەی دابونەریتەکانی نێو تورکمانەکانی هەولێر.

## سەرچاوەکان:

ئەحمەد، بوسـاحە،(٢٠١٤)، مردن لەڕوانگەی ئاییینەکانەوە،و: دانا مەلا حەسـەن، سـلێمانی: ئەندێشـە بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە.

ئەبرەش، ئیبراهیم(٢٠١٣)، میتۆدەکانی توێژینەوە لە کۆمەڵناسـی(هەنگاوەکانی ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی)، و. دیدار ئەبوزید، هەولێر: لەبڵاوکراوەکانی کتێبخانەی ئاوێر.

الاصفر و العقيبة،(٢٠٠٧)، المعاني الاجتماعية للتقاليد المرتبطة بظاهرة الموت وعاداته، "-دراسة انثروبولوجية اجتماعية ميدانية في مدينة بانياس وريفها، مجلة جامعة دمشق_ المجلد ٢٣_ العدد الثاني.

بيبر،شارلين هس و ليفى، باتريشيا (٢٠١١)، البحوث الكيفية في العلوم الاجتماعية، ترجمة: هناء الجوهري، القاهرة: الهيئة المصرية العامة للكتاب.

الجوهري، محمد و سميع، شعلان،(١٩٩٥)، دراسات في علم الفلكلور(مظاهر الاحتفالات الجنازية)، القاهرة: عين للدراسات والبحوث الانسانية والاجتماعية.

الحسن، احسان محمد (١٩٩٩)، موسوعة علم الاجتماع، بيروت: الدار العربية للموسوعات.

حسن، عبدالباسط، ( ٢٠٠٦)، الاصول البحث الاجتماعي، الطبعة١٣، القاهرة: مكتبة الوهبة.

قنديلجي و السامرائي، (٢٠٠٩)، البحث العلمي (الكمي والنوعي)، عمان: دار اليازوري.

الوائلي، عبدالجبار،(١٩٨٢)، العقل والنفس والروح، بيروت: منشورات عويدات.

الصيرفي، محمد عبدالفتاح (٢٠٠٨) البحث العلمي "الدليل التطبيقي للباحثين"، ط٢. عمان: دار وائل للنشر والتوزيع.

الزيباري، طاهر حسو، (٢٠١١) أساليب البحث العلمي في علم الاجتماع. بيروت: مجد المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع.

القصاص، مهدي محمد (٢٠١٤) تصميم البحث الاجتماعي، ديوانية: دار نيبور للطباعة ولاتوزيع.

ناشمياز، شاڤافرانكفورت، داڤيد (٢٠٠٤) طرائق البحث في العلوم الاجتماعية، ترجمة: ليلى الطويل. ديمشق: دار بترا للنشر والتوزيع.

سكوت، جون و مارشال، جوردون (٢٠١١) موسوعة علم الاجتماع، ت: محمد الجوهري و اخرون، المجلد الثاني، ط٢. القاهرة: المركز القومي للترجمة.

ايمرســـون، روبرت و فريتز، راشـــيل و اخرون (٢٠١٠). البحث الميداني الاثنوغرافي في العلوم الاجتماعية، ترجمة: هناء الجوهري، القاهرة: المركز القومي للترجمة.

سليم، د. شاكر مصطفى (١٩٨١) قاموس الانثروبولوجيا، الكويت: جامعة الكويت.

میران، ڕەشاد (٢٠٢١). مرۆڤناسی، هەولێر: چاپخانەی ڕۆژهەڵات.

كوبان، جان، (٢٠٠٧) المسح الإثنولوجي الميداني، ترجمة: جهيدة لاوند، بغداد: معهد الدراسات الاستراتيجية.

Barua, D.K., 2003. Funeral Rituals of Buddhist in Bangladesh A Study on Barua Community. Journal of Indian and Buddhist Studies (Indogaku Bukkyogaku Kenkyu), 51(2), pp.1021-1017.

Ladwig, P., 2012. Feeding the dead: ghosts, materiality and merit in a Lao Buddhist festival for the deceased. Buddhist funeral cultures of Southeast Asia and China, pp.119-141.

Misharina, G., 2011. Funeral and magical rituals among the Komi. Folklore Electronic Journal of Folklore, (47), pp.155-172.

Naylor, M.J., 1989. The funeral: The management of death and its rituals in a northern industrial city (Doctoral dissertation, University of Leeds).

Poulter, G., 2011. What's traditional about "the traditional funeral" Funeral rituals and the evolution of the funeral industry in Nova Scotia. Journal of the Canadian Historical AssociationRevue de la Socié

Scarce, J.M.. (1996). Domestic culture in the Middle East: An exploration of the household interior. Scotland: National Museums of Scotland.

Romanoff, B.D., 1998. Rituals and the grieving process. Death studies, 22(8), pp.697-711.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# العزاء عند التركمان في مدينة اربيل

## (دراسه انتروبولوجية)

**الملخص**

يحاول هذا البحث تسليط الضوء على المعنى والإجراءات و المفاهيم المرتبطة بالعزاء بالنسبة للتركمان فى مدينة أربيل. واعتمدت الباحثة في هذا البحث على زيارات ميدانية بين عامي 2020 و2021 في مدينة أربيل، حيث لاحظت العزاء عند التركمان و شاركت فيها؛ والباحثة تسكن مدينة أربيل ولها علاقات واختلاطات مع التركمان الساكنين في اربيل. السؤال الرئيسي لهذا البحث هو: العزاء عند التركمان في مدينة أربيل - كيف تسير الامور؟ او كيف يكون اجراءاته؟ ما الفرق بين العزاء في الحاضر والماضي؟ ما الفرق بين عزاء الرجال و عزاء النساء؟ ما هو معنى العزاء و ماهو وظيفته الاجتماعية؟ كيف يتم اجراء هذا المراسم فى عصر وباء كورونا؟. الهدف من هذا البحث تسليط الضوء على المفاهيم والمعاني والإجراءات التي تلاحظ وتنفذ فى العزاء عند التركمان في مدينة أربيل، وكذلك مناقشة الطريقة التي يتم بها اجراء عزاء الرجال والنساء والكشف عن بعض القضايا الرئيسية في ثقافة التركمان خلال عزائهم. ومن ثم، شرح اثار انتشار وباء الكورونا على مفهوم ومعنى العزاء عند التركمان في مدينة أربيل. وقد استخدمت الباحثة منهج الإثنوغرافى في بحثها حيث يتضمن أدوات جمع البيانات مثل المقابلات الفردية والملاحظة بالمشاركة. ومن النتائج الرئيسية لهذا البحث: التغيير فى طريقة ادارة العزاء واجراءاته عند التركمان بشكل ملحوظ بين الماضي والحاضر، وذلك بسبب وجود تغيرات في نمط حياتهم وانتشار وباء الكورونا، وتغيرت ايضا المقصد والعرض وراء اقامه العزاء لديهم. وجود تغييرات في فترة العزاء والحداد صادليان، وتقليل عدد الزيارات إلى المقابر والبكاء و الرثاء فى ألاربعينية... الخ. تختلف جنازة الرجال والنساء التركمان في كيفية إجرائه. تلك المعاني والعلامات التي تلاحظ في جنازات النساء غير موجودة في جنازات الرجال.

مفاتيح البحث: العزاء، عزاء النساء، الموت، التقاليد، تركمان اربيل.

# Condolences to Turkmen in the city of Erbil

## (Anthropological Study)

**Rashad Sabre Meran**
Department of Sociology, College of Arts, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
rashad.meran1@su.edu.krd

**Nadia Wali Jabbar**
Department of Sociology, College of Arts, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

nadia.jabbar@su.edu.krd

***Keywords:*** *Condolences, Condolences for Women, Death, Traditions, Turkmen of Erbil.*

## Abstract

Erbil, where I observed the condolences of the Turkmen and participated in it; The researcher lives in the city of Erbil and has relations and interactions with the Turkmens living in Erbil. The main question of this research is: Condolences for the Turkmen in the city of Erbil - how are things going? Or how is his procedure? What is the difference between solace in the present and the past? What is the difference between the mourning of men and the mourning of women? What is the meaning of condolences and what is its social function? How is this ceremony carried out in the era of the Corona epidemic? The aim of this research is to shed light on the concepts, meanings, and procedures that are observed and implemented in mourning for the Turkmen in the city of Erbil, as well as discussing the way in which mourning for men and women is performed and to reveal some of the main issues in the Turkmen culture during their mourning. Then, he explained the effects of the spread of the Corona epidemic on the concept and meaning of condolences for the Turkmen in the city of Erbil. The researcher used the ethnographic method in her research, which includes data collection tools such as individual interviews, notes, and participatory observation. Among the main results of this research: The change in the way of administering condolences and its procedures among the Turkmen significantly between the past and the present, due to the presence of changes in their lifestyle and the spread of the Corona epidemic, and the purpose and presentation behind the establishment of condolences for them have also changed. The presence of changes in the period of mourning and mourning Sadlian, and a reduction in the number of visits to cemeteries and crying and mourning in the forties...etc. The funeral procession of Turkmen men and women differs in how it is conducted. Those meanings and signs that are observed in the funerals of women are not found in the funerals of men.